# کەشتیی ئەنفال

نووسین وسیناریۆی
جوتیار ناشاد

ناوی کتێب: کەشتیی ئەنفال

نووسین و سیناریۆی: جوتیار ناشاد

تایپ: محەمەد کەساس

دیزاین: شیروان عیزەت

چاپ: چاپی یەکەم-سلێمانی (٢٠١١)

چاپخانە:

تیراژ:

ژمارەی سپاردن: ژمارە (١٧٨٤) ٢٠١١ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان

هیچ کەس بەبێ ڕەزامەندی نووسەر مافی بەکارهێنانی ئەم بەرهەمەی نییە بۆ هیچ مەبەستێ

# پێشکەشە:

١-بە شەهیدی جوانەمەرگ (بەختیار قادر رەحیم).

٢-دایکی خۆشەویستم

# پێشەکی

ئەنفال ئەو پرۆسە بەدناوەیە کە لەلایەن ڕژێمی ڕوخاوی بەعسەوە خوێنی ڕۆڵەکانی گەلی کوردی پێ حەلاڵکراو پرۆسەی جینۆسایدی گەلێکی ستەم دیدەی پێ ئەنجام دراو لەچەندین هەڵمەتی دڕندانەی سوپای خوێنڕێژی بەعس دا بۆ سەر چەندین ناوچەی جیاجیای کوردستان لەکۆتاییەکانی ساڵی (1987) و ساڵی (1988)دا.

جگە لەخاپورو وێرانکردنی زیاتر لە (4500) گوندی کوردستان ، زیاتر لە (182000) مرۆڤی بێتاوانی گەلی کوردیان لە (ژن و پیاوو منداڵ و پیرو لاو) ئەنفال‌و بێسەرو شوێن کردو بەزیندوویی کران بەژێر (لم) ەوە لە بیابانەکانی (عەرعەر)و چەندین شوێنی جیاجیای ناوەڕاست‌و باشوری عێراق دا.

جوتیار ناشاد

## ئەکتەرەکان :ـــ

**ئەکتەری سەرەکی :**

1/ شاسوار
2/ ڕێباز
3/ گوڵە
4/ ئەکرەم
5/ ئەفسەر

**ئەکتەری سانەوی :**

1/ دایکی گوڵە
2/ مامی گوڵە
3/ خاڵی گوڵە
4/ خاڵۆژنی گوڵە
5/ئامۆژنی گوڵە
6/ حەوت منداڵی تەمەن 8/ 9 ساڵان

**ئەکتەری سانەوی سەربازەکان**

1/ نائب زابت
2/سەربازی کورد
3/ سەربازی عەرەب
4/ عەمید

**ئەکتەری سەربازی کۆمبارس :**

1/ موستەشار
2/چەند جاشێك
3/ ژمارەیەکی زۆر سەرباز

**ئەکتەری سانەوی :**

1/ غەریب هەڵەدنی
2/ سدیق
3/هێرش

**ئەکتەری کۆمبارس :**

1/ کۆمەڵێك پێشمەرگە
2/ ژمارەیەکی زۆر منداڵ
3/ ژمارەیەکی زۆر ژن
4/ ژمارەیەکی زۆر پیاو

**دیمەنی ( 1 ) شوێن / دادگا کات / 9 ی سەر لەبەیانی/ ژوورەوە**

## (( دادگای دادگایکردنی سەدام حسێن و سەرانی حزبی بەعسی ڕوخاو ))

((ڕێباز/ کوڕێکی تەمەن (34) ساڵانە قژی سەرو ڕیشی کەمێك سپی بوون، فایلێکی بەدەستەوەیە لەنزیك دەرگای دادوەر لەسەر کورسیەك دانیشتووە. پاسەوان لەژووری دادوەر دێتە دەرەوەو هاوار دەکات)).

**پاسەوان:** ڕێباز شاسوار حەمە کەریم

((ڕێباز هەڵدەستێتو بەرەو لای پاسەوانەکە دەڕواتو لەدەرگاکەوە دەچێتە ژوورەوەو پاسەوان دەرگاکە دادەخات، ڕێباز دەچێتە بەرامبەر دادوەر ئەوەستێت )).

**دادوەر :** پێناسەکەت

((ڕێباز لەناو فایلەکەی دەستی پێناسەکەی دەردەکاتو دەیداتە دەست دادوەر، دادوەریش لێی وەردەگرێتو تەماشای دەکات)).

ڕێباز شاسوار حەمە کەریم ؟
ڕێباز : بەڵێ جەنابی دادوەر
(( دادوەر ڕوو دەکاتە نووسەرەکەی تەنیشتی ))

دادوەر : بنووسە، ڕێباز شاسوار حەمە کەریم
(( نووسەر قسەکانی دادوەر دەنووسێت و دادوەریش لەجێی خۆی هەڵدەسێتە سەرپێ ))
من چیم وت لە دوای من بیڵێرەوەو دەست بخەرەسەر ئەو قورئانە
((ڕێباز دەستی درێژ دەکات بۆ سەر قورئانی سەر مێزەکەو دەستی لەسەر ڕادەگرێ)).
سوێندم بەقورئانی پیرۆز .
ڕێباز : سوێندم بە قورئانی پیرۆز .
دادوەر : چیم دیوەو چیم بیستووە
ڕێباز : چیم دیوەو چیم بیستووە
دادوەر : وەك خۆی باسی دەکەم
ڕێباز : وەك خۆی باسی دەکەم
دادوەر : فەرموو دانیشە قسەکانت بکە.

(( ڕێباز بەرامبەری دادوەر دادەنیشێت ))
ڕێباز: لە بەرواری (1/ 12 / 1987) لە گوندەکەمان کەدەکەوێتە دۆڵی جافایەتی، بەبڕیاری سەدام حسێن ڕاگوێزراین بۆ ئۆردوگای پیرەمەگروون .

دادوەر : ئەو کاتە تەمەنت چەند ساڵان بوو ؟
ڕێباز : تەمەنم (16) ساڵان بوو .
دادوەر : بەردەوام بە لە قسەکانت .

(( نووسەرەکەی تەنیشتی دادوەریش بەردەوام قسەکانی دەنووسێ ))

ڕێباز :ماوەی یەك ساڵ لە ئۆردوگای پیرەمەگروون نیشتەجێ بووین، باوکم ئاگاداریکردمەوە کەدەیەوێت بە نهێنی بگەڕێتەوە بۆ گوندەکەمان .
دادوەر : بۆچی بە نهێنی؟

ڕێباز: گوندە چۆڵکراوەکان لەژێر چاودێری سوپای عێراق دابوون، من داوام لەباوکم کرد کە لەگەڵی بم بەڵام باوکم داواکەی منی ڕەتکردەوەو داوای لێکردم کەئاگام لەدایکم بێت، شەوی (3) لەسەر (4) ی مانگی حەوتی (89) باوکم خۆی ئامادەکردبوو تاسەعات (یەك)ی شەو بەڕێبکەوێت، منیش هەر ئەو شەوە بڕیارم داکە باوکم بەتەنیا نەبێت خۆم ماتکردبوو دایکیشم خواردنی بۆ ئامادەکردبوو، باوکیشم لەگەورەکەدا خەریکی ئامادەکردنی هێسترەکەی بوو سەعات بوو بەیەك و نیوی نیوەشەو باوکم لەحەوشەکەدا ئامادەبوو و لەگەڵ دایکم دا قسەیان دەکرد گوێم لێبوو باوکم

دەیگوت: تەنها سێ شەوم پێ دەچێت ، ئیتر باوکم کەوتە ڕێ و دایکیشم گەڕایەوە سەرجێگەکەی خۆی، منیش کەمێك ئارامم گرت تاکو دایکم لێکەوت کەدڵنیابووم، ئیتر خۆم ئامادەکردوو چووم بۆ گەورەکە، هێسترێکی ترمان هەبوو ئەویشم ئامادەکردوو لەماڵ هاتمە دەرەوەو لەو ساتەوە دایکم نەبینیەوە، کاتێکی ناخۆش بوو.

(( ڕێباز چاوەکانی پڕدەبن لە فرمێسك ))

دادوەر : بەردەوام بە.
ڕێباز: کەوتمەڕێ و بەردەوام بەشوێن پێی باوکم دا دەڕۆشتم ، سەفەرێکی ترسناك بوو، بۆنی مەرگی لێ دەهات.

(( ڕێباز بەردەوام فرمێسك بەچاوەکانیا دێتە خوارەوە ، کاتێ سەر بەرز دەکاتەوە بەرچاوی لێڵ دەبێ ))

بەردەوام بەڕێوە بووم تا شەوی دووەم گەیشتمە گوندەکەمان.

—— بڕین ——

( فلاشباك )

**دیمەنی ( 2 ) / شوێن : بن دارێکی گەورە**
**کات / 12 ی شەو، مانگەشەو/ دەرەوە**

((شاسوار لەبن دارە گەورەکەدا جێگەی داخستووەو خەوی لێکەوتووە هێسترەکەشی لەلای دارەکەوە بەستووەتەوە، لەم کاتەدا دەنگی پێی هێسترێك دێتە گوێی شاسوار بەئاگادێتەوەو لەپرهەڵوێستەیەك دەکات و گوێی هەڵدەخاتەوە، دووبارە گوێی لەدەنگەکە دەبێتەوە دەستبەجێ لەناو گونیەیەکی تەنیشتی خۆیەوە چەقۆیەك دەردێنێ و هەڵدەستێتە سەرپێ و لەسەرخۆ بەرەو دەنگەکە دەڕوات)).

—— بڕین ——

**دیمەنی ( 3 )/ شوێن :نزیك دارە گەورەکە**
**کات / 12,2 ی شەوە/ دەرەوە**

((لێرەدا ڕێباز تەمەنی (16) ساڵە، خەریکی بەستنەوەی هێسترەکەیەتی لەبن دەوەنێك، لەم کاتەدا شاسوار بەهێواشی لەپشتی ڕێبازەوە دێت و بەپەلە پەلاماری ڕێباز دەدات و چەقۆکە لە پشتی گیر دەکات)).

**شاسوار :** تۆ کێی !؟

**(( ڕێیاز کە گوێی لە دەنگەکە دەبێت ، دەیناسێتەوە کە ئەوە دەنگی باوکیەتی ))**

**ڕێیاز :** بابە گیان من ڕێبازم !!

**(( شاسوار بەبیستنی دەنگی کورەکەی چەقۆکەی لە دەست بەردەبێتەوە ڕێیاز ڕوودەکاتە باوکی ))**

**شاسوار :** کوڕم تۆ چی دەکەی لێرە؟

**ڕێیاز:** بابەگیان، هاتنی تۆ بۆ گوندەکەمان کارێکی پڕ لەمەترسیە، منیش حەزم نەکرد تۆ بەتەنیا بیت، بمبورە بابە گیان ئەگەر سەرپێچیم کردبێت!

**(( شاسوار باوەش دەکات بە ڕێیازدا ))**

**شاسوار :** کوڕم کارێکی باشت نەکردووە ، ئێستا دایکت عەودالتە .

**ڕێیاز :** وەکو خۆت دوێنێ شەو وتت : تەنها دوو شەوت پێدەچێت ، گرنگ تۆی بابە گیان .

**شاسوار :** دەی قسەزل ، ڕەشمەی هێسترەکە بکەرەوە بابڕۆین.

**(( ڕێیاز خەریکی کردنەوەی ڕەشمەکەیە )) .**

**—— بڕین ——**

## دیمەنی ( 4 )/ شوێن :بن دارەگەورەکە
## کات/ 12,4 ی شەو / دەرەوە

(( ڕێباز خەریکی گرێدانی ڕەشمەی هێسترەکەی خۆیەتی بەو دارەی کەهێسترەکەی باوکی پێوە بەستراوەتەوە،شاسوار خەریکی جێگە داخستنە ))

**ڕێباز :**بابە ئەم زاڵمانە بۆچی ئەم هەموو گوندانەیان خاپورکردووە؟ نیازیان نیە جارێکی تر ڕێمان بدەنەوە بچینەوە ناوی وئاوەدانی بکەینەوە ! ؟

**شاسوار :** وەختی پرسیار نیە ، وەرە بخەوە دەبێت بەیانی زوولەخەو هەستین .

**ڕێباز :** بابە گیان دڵگران نابیت پرسیارێك بکەم ؟

**شاسوار :** دەزانم ، دەتەوێ بڵێی کە من بۆچی هاتووم بۆگوندەکەمان !؟ بخەوە کوڕم ، کە ڕۆژ بووەوە هەمووشتێکت بۆ ڕوون دەبێتەوە !!

(( ڕێباز لە لای باوکیەوە رادەکشێت وباوکیشی سەیرێکی ڕێباز دەکات وبە بەتانیەکەی خۆی سەروگوێلاکی خۆی دادەپۆشێت )) .

—— بڕین ——

**دیمەنی ( 5 )/ شوێن : ماڵی شاسوار لەگوندەکە**

**کات/ سەرلەبەیانی ڕۆژی داهاتوو / ژوورەوە .**

(( شاسوار لەژێرخانی خانووە داروخاوەکەی خۆیدا پاچێکی بەدەستەوەیەو بەردەوام خەریکی هەڵکەندنی زەویە و ئارەقەی زۆریشی کردوەتەوە )).

—— بڕین ——

**دیمەنی ( 6 ) /شوێن : بن دارەگەورەکە**

**کات / 8ی بەیانی / دەرەوە**

(( ڕێباز لەبن دارەکە دانیشتووە ، هەردوو هێسترەکەش لەولایەوە ئالیك دەخۆن ، ڕێباز سەیری سەعاتەکەی دەستی دەکات )) .

**ڕێباز :** باوکم نەگەڕایەوە تا نانەکەم لەگەڵ بخوات !

**(( بەدەم قسەکردنەوە هەڵدەسێتە سەرپێ و بۆدوور دەڕوانێت ))**

دەی .. نانەکەی بۆ دەبەم !!

**(( دەست دەداتە چارۆکەکە وهەڵیدەگرێت ))**

—— بڕین ——

**دیمەنی ( 7 ) /شوێن :ژێرخانەروخاوەکە**
**کات / 8,10 ی بەیانی / ژوورەوە**

(( **شاسوار بەردەوام خەریکی چاڵەکەیە وبە خاکەنازخۆڵەکەی دەردەدات ، گوێی لە دەنگی پێی کەسێك دەبێت دەست لە کارەکەی هەڵدەگرێت وبە پەلە دەست دەداتە دەمانچەکەی ودەچێتە ناو دەرگای ژوورەکەو بەئەسپایی دەچێتە حەوشەکە بە چواردەوری خۆیدا دەڕوانێ بەڵام هیچ نابینێ لەپڕدا ڕێباز لەدیوارە ڕوخاوەکەی حەوشەکەوەدەردەکەوێت وباوکی بەدیدەکات** )).

**ڕێباز : بابەگیان منم**

(( **شاسوار دادەچلەکێت ودەستبەجێ لادەکاتەوە بۆلای کوڕەکەی** )) .

**شاسوار : تۆ چی دەکەی لێرە ؟**

**ڕێباز : بابەگیان زۆر دڵم لەلات بوو ، بەیانیش نانت نەخواردبوو، ئێستا نانم بۆ هێناوی ، دواتریش یارمەتیت دەدەم .**

**شاسوار : کارێکی باشت نەکرد ، ئەم ناوە پڕە لە مەترسی چواردەورمان سەربازە ، خێرا نانەکە دابنێ و بڕۆ ئاگات لە هێسترەکان بێت ، پێویستم بە یارمەتی تۆ نیە .**

(( **ڕێباز چارۆکەکە دەداتە دەستی باوکی وچاوێك بەژێرخانەکەدا دەخشێنێ وسەرنجێکی دەمانچەکەی لاقەدی باوکیشی دەدات ودەڕوات** ))

**ـــــ بڕین ـــــ**

**دیمەنی ( 8 )/شوێن: کانیی خوارداڕەگەورەکە**

**کات / 8,20 ی بەیانی /دەرەوە**

(( ڕێـبـاز دەبـەیـەکـی پـێـنـج لـیـتریـی بـەدەسـتـەوەیـە وبەناوچنارەکاندا دەڕوات و لەبەر خۆیەوە قسەدەکات ))

**ڕێباز** :سەیرە .. یەکەم جارە باوکم بەو شێوەیە ببینم ...دەمانچە . .چاڵ، بۆچی!؟ تێناگەم !!

(( ڕێـبـاز هـەردوو دەسـتـی بـادەدات وسـەریـشـی بـادەدات وبەردەوام دەبێت لەڕۆشتن )) .

— بڕین —

**دیمەنی ( 9 )/شوێن :کانیەکە**

**کات / 8,22 ی بەیانی / دەرەوە**

(( کیژۆڵەیەکی جوان تەمەن ( 13 ) ساڵ کەناوی گوڵەیە،جلی کـوردی لـەبـەردایـە ودامـێـنـی کـراسـەکـەی دڕاوە ،خەریکی پڕکردنی دەبە ئاوە لە کانیەکە ، لەم کاتەدا ڕێباز دەردەکەوێت وچاوی بەگوڵە دەکـەوێـت ، لەشوێنی خۆی ڕادەوەستێت

ولەناو توترکەکانی چواردەوری کانیەکە خۆی حەشاردەدات ولەنێوان توترکەکانەوە سەیری گوڵە دەکات ولەبەر خۆیەوە دەڵێت ))

ڕێباز : ئەمە چیە ؟ خۆ گوندەکە کەسی لێنەبوو ، ئەمە کێیە..من نایناسم ، دەڵـێن لە چۆڵەوانیاجنۆکە هەیە لە شێوەی کچ داخۆی دەردەخات!!..نا.. لەوانەیە فریشتە بێت .. دەی .. هەستە ڕێباز بسم اللهیەك بکە ، یان بۆت دەردەکەوێت ئەمەکێیە ؟ یان غەیب دەبێت .

(( ڕێباز لە جێی خۆی هەڵدەستێ ولە گوڵە نزیك دەبێتەوەو ڕێك لەبەردەمیا ڕادەوەستێ ودەڵێت ))

تۆ کێی ؟ چی دەکەی لێرە !!؟

(( گوڵە بەبیستنی دەنگی ڕێباز وبینینی دەترسێت و بەسەرسورمانەوە لێی ورد دەبێتەوە ))

بۆچی لاڵ بووی جنۆکە ؟ دەی قسەبکە !!

((گوڵە بەتەواوی دەترسێت ودەبە ئاوەکە فری دەداتو پاشەوپاش دەڕوات و ڕێبازیش لێی دێتە پێشەوە و گوڵە ڕادەکات و ڕێبازیش بەدوایدا ڕادەکات ))

—— بڕین ——

## دیمەنی ( 10 )/ شوێن :ناوباخی چوالەبادەم
## کات/8,24 بەیانی / دەرەوە

(( پیاوێك تەمەن ( 40 ) ساڵ کەناوی ( ئەکرەم ) ە خەریکی کۆکردنەوەی چوالەبادەمە لەسەرزەوی بەبیستنی دەنگی کچەکەی راست دەبێتەوە ، گوڵە دەبینێت ، گوڵەش بە هەناسەبڕکێ وشڵەژاویەوە دەچێتە پشتیباوکیەوە خۆی حەشار دەدات ))

**گوڵە :** بابەگیان
**ئەکرەم :** چی بووە کچم ؟ بۆ واتێکچووی !؟

(( **ئەکرەم دەست دەداتە دارێك** ))

**گوڵە :** بابەگیان .. ئەوەتا هات !!!!

(( **ڕێباز بە پرتاوو بەشڵەژاویەوە دەگاتە بەردەمی هەردووکیان** )) .

**گوڵە :** بابە ئەوەتا .. ئەوە خۆیەتی
**ڕێباز :** ئێوە کێن و چ کارەن وچی دەکەن لەم ناوەدا ؟؟
**ئەکرەم :** ئەی تۆ چ کارەیت وچی دەکەیت لەم ناوەدا ؟؟
**ڕێباز :** من خەڵکی ئەم گوندەم ، ئەی ئێوە خەڵکی کوێن ؟؟

(( ئەکرەم بەبیستنی قسەکانی ڕێباز خۆشحاڵ دەبێت ولەخۆشیادارەکەی دەستی دەکەوێت و ڕوودەکاتە کچەکەی))

**ئەکرەم :** کچم بیستت چی وت !؟
(( هەردووکیان سەیری یەکتر دەکەن ولە خۆشیاپێدەکەنن)) .

— بڕین —

**دیمەنی ( 11 )/شوێن :گەوڕێکی لاروخاوینزیك گوند**
**کات/ 8,25ی بەیانی /ژوورەوە**

(( گوڵە بەدڵێکی خۆشەوە ، عەلاگەیەکی بەدەستەوەیە کەخورمای تیایە ، ڕوو لەخاڵی ومامی وئامۆژنی وخاڵۆژنی ودایکی وحەوت مناڵ لە کچ وکوڕ کەتەمەنیان لەنێوان ( 8 بۆ 9 ) ساڵاندایە ، هەموویان چاویان بەو دیمەنەی گوڵە دەکەوێت سەرسام دەبن، گوڵەش بەهەناسەبڕکێوە دەڵێت ))
**گوڵە :** دایە .. مامە ..خاڵە
**ئایشێ دایکی گوڵە :** کچەکەم چی بووە ؟ قسەبکە !!
(( ئەکرەم بە دەستەوارەیەك نانی تیریەوە خۆی دەکات بەژووورداو نانەکە لەناوەڕاستی هەموویان دادەنێت ))

ئەکرەم : دەی بخۆن .. دوایی تێتان دەگەیەنم !!

(( گوڵەش خورماکەی ناو عەلاگەکە دابەش دەکات ))

مامی گوڵە : ئەم شتانەتان لەکوێ بوو کاکە !؟
گوڵە : خوای گەورە دەرووی لێ کردووینەتەوە ، خەڵکی ئەم گوندە ئێستالێرەن .
خاڵی گوڵە : دوێنێ من هەموو گوندەکە گەڕام کەسم نەدی !!
گوڵە : خاڵە گیان ئێستا باوك وکوڕێك لەناو گوندەکەن .
خاڵۆژنی گوڵە : پیاوەکە ، ئێوە کارێك بکەن بەڵکو ئەو باوك وکوڕە بمانگەیەننە لای ئەوخزمانەی خۆمان ولە دەست ئەو زاڵمانە ڕزگارمانکەن کەبەو کێوانەوەن .

(( دایکی گوڵە هەردوودەستی بۆ ئاسمان بەرزدەکاتەوەو دۆعا دەکات ، خاڵی گوڵە هەڵدەسێ ))

ئەکرەم : ها .. بۆکوێ ؟؟
خاڵی گوڵە : دەچم بۆلای ئەو باوك وکوڕە ، بزانم یارمەتیمان نادەن !!
ئەکرەم : باشە .. بەوریایی بڕۆ ، نەوەکو ئەوسەگەڕەشانە بتبینن .

(( خاڵی گوڵە دەچێتەدەرەوە وگوڵەش هەڵدەسێ ))

**گوڵە :** بابە دەچم دەبەئاوەکە دێنمەوە

(( گوڵە دەڕوات ومناڵەکانیش بەردەوام نان دەخۆن ))

—— بڕین ——

**دیمەنی ( 12 )/شوێن :ژێرخانەکەی شاسوار/**
**کات /8،30 ی بەیانی /ژوورەوە**

(( شاسواردەبەئاوەکەی بەدەستەوەیە وئاو دەخواتەوە ، دەمی بەسەر دەستی کراسەکەی دەسرێت ، ناوچەوانیشی ئارەقەی پێوەیە وبەهەمان شێوە بەقۆڵی کراسەکەی ناوچەوانیشی دەسرێت ، دواتر دەست دەداتە پاچەکە ودەست دەکات بەهەڵکەندنی چاڵەکە )) .

—— بڕین ——

**دیمەنی ( 13 )/شوێن :سەرشاخ**
**کات / 8,31 ی سەرلەبەیانی /دەرەوە**

(( سەربازێك لە نوقتەی چاودێریی دانیشتووە دووربینێکی لە ملدایە وخەریکە جگەرەکەی دادەگیرسێنێ وپاشان مژێك لە جگەرەکەی دەدات ودواترڕادیۆکەی تەنیشتی دەکاتەوە ودەیخاتە سەرمەوجێك کەسرووودی سەدام لێدەدات )) .

**ـــــ بڕین ـــــ**

**دیمەنی ( 14 )/شوێن : ناوگوند**
**کات/ 8,35 یسەرلەبەیانی / دەرەوە**

(( خاڵی گوڵە بە وریاییەوە بن دیوار بەبن دیـواردەڕوات تا لەمزگەوتەکە تێپەڕدەبێ ، لەبەرماڵێکی ڕوخاو دەوەستێت وسەیری ناوخانوەکە دەکات ))

**خاڵی گوڵە :** هەمووشوێنێك گەڕام .. دەبێ لەکوێ بن !!؟

**ـــــ بڕین ـــــ**

## دیمەنی (15) شوێن کانیەکە

## کات/ 8:40ی سەلەبەیانی / دەرەوە

((ڕێبازو گوڵە بەرامبەری یەکتر دانیشتوون لەقەراغی کانیەکە، گوڵە خەریکی پڕکردنی دەبە ئاوەکەیە)).

**گوڵە :** هەموو گوندنشینەکانی دەوروبەرمان بەخۆشمانەوە ئاوارەی شارەکانی ئێران بووین ، ئێمەش زۆر بێزار بووین، کاتێ کە فڕۆکەکانی سەدام بەیانیان بەسەر ئۆردوگاکانی ئێراندا فرێ دەدایە خوارەوە ، باوکم ومامم وخاڵم بڕیاریاندا بگەڕێنەوە .

**ڕێباز :** ئێوەش لەگەڵ ئێمەدا لە پیرەمەگروون نیشتەجێ بن .

**(( گوڵە بەشەرمەوە دەبەئاوەکە هەڵدەگرێ وهەڵدەستێ ))**

**گوڵە :** من دەبێت بڕۆم ، بیرت نەچێت بەباوکت بڵێی هاوکاریمان بکات لە گەڕانەوەدا .

**ڕێباز :** باوکم منی زۆر خۆش دەوێت و قسەم ناشکێنێ ، تۆش لەبیرت نەچێ خانوویەك لەتەنیشتی ماڵەکەی ئێمە بۆ ئێوە زۆرباشە .

**(( گوڵە بەشەرم ونازێکی زۆرەوە ڕێباز بەجێدەهێڵێ ))**

**ـــ بڕین ـــ**

**دیمەنی ( 16 ) /شوێن :ژێرخانەکەی شاسوار**
**کات /8,42 ی بەیانی / ژوورەوە**

(( شاسوار بەردەوامە لە هەڵکەندنی چاڵەکەیەو تەواو سەروگوێلاکی بوەتە عارەق ، هێشتا چەند بستێك لە چاڵەکەی هەڵکەندووە ، لەم کاتەدا گوێی لە تەپەی پێ دەبێت ، لەبەرخۆیەوە دەڵێت ))

**شاسوار :** ئەم کوڕەم سەری منیش و خۆیشی بەفەتارەتێکا دەدات.

(( خاڵی گوڵە لە نێودەرگای ژێرخانەکەدا ڕاوەستاوە ))

**خاڵی گوڵە :** براگیان .. خوا قووەتت بدات .

(( شاسوار کە گوێی لە دەنگی غەریبە دەبێت ، دەستبەجێ پاچەکەی فڕێ دەدات وپەلاماری دەمانچەکەی دەدات وڕووی تێدەکات ، خاڵی گوڵەش هەردوو دەستی بەرز دەکاتەوە ))

نەکەی بەقوربانت بم .. هانامان بۆتۆ هێناوە تاکو یارمەتیمان بدەیت .

—— بڕین ——

## دیمەنی ( 17 ) /شوێن : شاخ نوقتەی چاودێری
## کات /8,43 ی بەیانی/ دەرەوە

(( سەربازەکە لە ناو نوقتەکەدایەو بەدووربینەکەی سەیری ناو گوندەکەو چواردەوری دەکات بەڵام هیچ نابینێ ، لەم کاتەدا سەربازێکی کورد دێتە لایەوەو دەکێشی بەشانیدا ، سەربازەکە دادەچڵەکێت )) .

سەربازی کورد : تفضل انتهی واجبك .

سەربازی عەرەب : تاخرت ( 10 ) عشر دقائق .

سەربازی کورد : نائب ضابت دزنی لمقر الفوج .

سەربازی عەرەب : هاك .. بس دیر بالك تحت .

سەربازی کورد : لاتخاف ، لیش حتی الطیر یگدر یفوت منا .. عوف الرادیو .

(( سەربازی عەرەب رادیۆکە دادەنێت ودەروات ، سەربازەکوردەکەش لە شوێنەکەی دادەنیشێت )) .

—— بڕین ——

**دیمەنی (18)/شوێن : ژێرخانەکەی شاسوار /**
**کات / 8,42 ی بەیانی / ژوورەوە**

(( **بەردەوام شاسوار و خاڵی گوڵە پێکەوە قسەدەکەن** ))

**شاسوار :** ئێوە لەو هەموو نارەحەتیە نەجاتتان بووە ، ئێستا دەتانەوێت خۆتان بخەنە بەردەمی گورگ ، ئەو پیاوە من دەیناسم، ئێوە خەڵکی (جافی گەرمیانن) هەتا بوو بە موستەشار دەیان شوانی بەستەزمانی سەردەبڕی وبەنرخی پاسدار تەسلیمی ڕژێمی دەکردن .

(( **خاڵی گوڵە دەستی شاسوار دەگرێت** ))

**خاڵی گوڵە :** ڕۆژێکەو ئەمڕۆ ، فریامان کەوە ، هەرچی پارەو زێڕمان پێیە هەموویت دەدەینێ بەو مەرجەی لەم شوێنە پڕمەترسیە ڕزگارمان بکەیت .

**شاسوار :** من ناتوانم ئەو کارە بکەم ، ژیانی ئێوە ناخەمە مەترسیەوە ، من بۆ ئیشی خۆم هاتووم .

**خاڵی گوڵە :** تکات لێ دەکەم ، ئەم چاکەیەمان لەگەڵ بکە !!

**شاسوار :** وەك پێم وتی ، خۆ ئێوە لەسەر داوای من نەهاتوون بۆ ئێرە ، من کاری زۆرم هەیە وناتوانم یارمەتیتان بدەم ، خواحافیزت بێ .

(( **خاڵی گوڵە بەنیگەرانیەوە شاسوار بەجێدێڵێ ، شاسواریش دەست دەکاتەوە بە هەڵکەندنی چاڵەکە** )) .

**ـــــــ بڕین ـــــــ**

## دیمەنی ( 19 )/شوێن: بن دارەگەورەکە
## کات / 9ی سەرلەبەیانیە / دەرەوە

(( ڕێبازخەریکی ئالیك دانە بەهەردوو هێسترەکە ، دواتر لەبن دارەکە دادەنیشێ ودەست دەکات بە توورەکەکەدا دوو دەنك خورما دەردەهێنێ و دەیخوات و لەبەرخۆیەوە قسەدەکات ))

**ڕێباز** : تۆ بڵێی باوکی گوڵە ڕازی بێت لە پیرەمەگروون نیشتەجێ بن!!؟

**(( لەم کاتەدا شاسوار لەبەردەمی قووت دەبێتەوە )) .**

**شاسوار** : ئەی ئافەرین کورە تاقانەکەم .. یەکجاریی سەربازەکانی سەرشاخەکەشم بۆ بنێرە !!!

**(( ڕێباز دادەچڵەکێت وبە شڵەژاویەوە هەڵدەستێتە سەرپێ و گوێ لە قسەکانی باوکی دەگرێت )) .**

**ڕێباز** : بابە گیان لە گەڕانەوەم چوومە سەر کانیەکە .

**(( شاسوار دەست دەداتە توورەکەکە و سەرسام دەبێت ))**

**شاسوار** : ناشێ هەموو نانەکەت پێدابن !!؟

**ڕێباز** : بابەگیان ئەوان دوو ڕۆژە نانیان نەخواردووە ومناڵیشیان پێیە!!

**شاسوار** : من دەگەڕێمەوە ناودێ ، تۆش لێرە نابێ بجوڵێیت تا کارەکەم تەواو دەکەم و ئێوارە درەنگانێ دەگەڕێینەوە .

(( شاسوار لەناو توورەکەکەدا ، عەلاگەیەکی بچوك کە خورمای تێدایە دوو دەنك دەردەکات و عەلاگەو توورەکەکە دادەنێتەوە و دەڕوات )) .

—— بڕین ——

**دیمەنی ( 20 )/شوێن :سەرشاخ نوقتەی چاودێریی**
**کات/9,10 ی بەیانی /دەرەوە**

(( سەربازە کوردەکە رادیۆکەی بەدەستەوەیەو بەسەر مەوجەکاندا دەگەرێت تا دەگاتەسەر ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان ، وتارێك دەخوێنرێتەوە ))

دەنگی بێژەر : بانگەوازێك بۆشێرە کورانی هێزی ( 98 ) بە فەرماندەیی غەریب هەڵەدنی کە گەیشتنە شوێنی خۆتان ، ئاگاداری سەرکردایەتی بکەنەوە ئەی بەورەکانی ئاسنگەران و پیرەمەگروون !! .

(( دوابەدوای بانگەوازەکە گۆرانیەکی هونەرمەند مەزهەری خالقی لێئەدرێ کە گۆرانی ( ئەگەرێمەوە بۆ شارەکەی خۆم ) ، لەم کاتەدا نائب زابتەکە دێتە ناو نوقتەکەوە و سەربازەکوردەکە چاوی پێدەکەوێت و دەسبەجێ رادیۆکە دەکوژێنێتەوەو هەڵدەستێ وتەمەننایەکی بۆ دەکات )) .

**نائب زابت :** ها... مزبوت بالواجبات ... گلی خو ماكو تحركات جوه ؟

**سەربازی كورد :** لا سیدی !

**نائب زابت :** زین .. مادام تسمع اغانی كردیه ، راح اعاقبك اللیله ، لازم تلزم واجبك اربع ساعات بدال ساعتین .

(( نائب زابت بەدەم قسەكردنەوە و بەدووربینەكەی سەیرێكی خوار شاخەكە دەكات وبەتەواوی چاو بەدەوری گوندەكەدا دەگەڕێت تاكو كانیەكە )) .

—— بڕین ——

**دیمەنی ( 21 ) /شوێن :ژێرخانەكەی شاسوار**

**كات /10 ی بەیانی / ژوورەوە**

(( شاسوار بەردەوام چاڵ هەڵدەكەنێت ، ئارەقێكی زۆری كردووەتەوە لەپڕگوێ بیستی دەنگێك دەبێت ، هەڵوێستەیەك دەكات ودیتەدەرەوە، لەناودەرگاكەوە بەو دیمەنە سەرسام دەبێت كەهەموو خێزانەكە لەبن دیوارە روخاوەكەی حەوشەكەدا بەریز دانیشتوون ومناڵیكیان دەكۆكێ )).

**شاسوار :** باشە ئێوە چیتان لەمن ئەوێت ، خۆمنیش وەك ئێوە بێدەسەلاتم !؟

**ئەکرەم :** هەر ئەوەندە لە ڕێگەکەدا ڕێنمایمان بکە تا دەگەینە نزیك ئۆردووگاکەی ئێوە
**ئایشێ :** بەڵێ بێت ئەگەر یارمەتیمان بدەیت ، من هەموو زێڕەکانی خۆمت ئەدەمێ .
**خاڵۆژنی گوڵە :** بەزەییەکت بەو منالانەدا بێتەوە !! .

(( شاسوار تەواو نیگەران دەبێت بەقسەکانیان ، ناتوانێت بەپێوە ڕاوەستێت پاڵئەدات بە دیوارەکەوە تا شۆڕئەبێتەوە و بەچیچکانەوە دادەنیشێت )) .

**گوڵە :** لەبەر خاتری ئەو کوڕە تاقانەیەت لەم تەنگانەیە ڕزگارمان کە!!
**شاسوار :**بە وریاییەوە بگەڕێنەوە شوێنی خۆتان .. خوا گەورەیە !!

(( **خاڵۆژنی گوڵە باوەش دەکات بە منالەکاندا** )) .

برین

## دیمەنی ( 22 )/ شوێن :بن دارەگەورەکە
## کات/ 10,20 ی بەیانی /دەرەوە

(( ڕێباز بەردەوام دانیشتووە ، دارێکی بچوکی پارچە پارچە دەیشکێنێ لەم کاتەدا گوێ بیستی دەنگی پێی کەسێك دەبێت ، بەخێرایی لەشوێنێکی دەوری دارەکە خۆی حەشار دەدات ، گوڵەش بەڕاکردن دەگاتە بن دارەکە و بەڕوویەکی خۆشەوە هاوار دەکات )) .

**گوڵە :** ڕێباز... ڕێباز ..

(( گوڵە بەچواردەوری خۆیا دەڕوانێت )) .

تۆ لــــــە کوێی ؟؟

(( ڕێباز بە وریاییەوە سەیری گوڵە دەکات وخۆی پیشان نادات ، گوڵەش لەبەر خۆیەوە قسە دەکات )) .

من ناڕۆم تا تۆش نەگەڕێیتەوە لەگەڵم !؟؟

(( گوڵە دادەنیشێت، پاش کەمێك خۆی لێ ئاشکرا دەکات )) .

**ڕێباز :** باشە تۆ بڕۆ .. با باوکم من و تۆ پێکەوە نەبینێ لە گەڕانەوەماناو لێم زویربێ.

(( دوای قسەکانی هەڵدەستێ ولە ڕووی گوڵە ڕادەوەستێ )) .

خانمەکەم تۆ بـڕۆی باشە .. ئـەوان پێکەوە بمانبینن چی دەڵێن!!؟؟

(( گوڵەش هەڵدەستێ و بەرامبەری ڕێیاز رادەوەستێ )) .

**گوڵە** :بە پێچەوانەوە باوکت بڕیاردا ئێمە لەگەڵ خۆی ببات .
**ڕێباز** : دووسەعات لەمەوبەر لەلام بوو شتی وای باس نەکرد ، چۆن ڕازی بوو !!؟؟
**گوڵە** : وەرە دانیشە با بۆت باس بکەم .

(( ڕێیاز بە خۆشحاڵیەوە دادەنیشێ و لە چاوەکانی دەڕوانێت )) .

—— بڕین ——

**دیمەنی** ( 23 )/**شوێن : ژێرخانەکەی شاسوار**
**کات** / 10,25 **ی بەیانی / ژوورەوە**
(( شاسوار بەردەوام خەریکی پاچ وەشاندنە ، پاش کەمێك پاچەکە دادەنێت و بە خاکەنازەکە گڵی چاڵەکە دەردەدات )) .

—— بڕین ——

**دیمەنی ( 24 )/شوێن : بن دارەگەورەکە**

**کات / 10,30 یبەیانی / دەرەوە**

**(( گوڵە ورێباز بەردەوام قسە دەکەن ، رێباز بە پێوەیەو پاڵی داوە بە دارەکەوە وگوڵەش کەمێك بەرامبەری دانیشتووە )) .**

**رێباز : خاڵم مامۆستایە .. خەمت نەبێت ، هەمووکتێبەکانت بۆ پەیدا دەکات .**

**گوڵە : کەواتە کێشەکەمان چارەسەر بوو ، بەڵام یەك کێشەمان ماوە .**

**رێباز : ئەوەی بەمن بکرێ بەسەرچاو ، ئەبێ ئەو کێشەیە چی بێت !؟**

**گوڵە : هەر ئەوەیە کە بە سەلامەتی بگەینە جێ !**

**رێباز : من وباوکم هەموو لارێ و بزنەرێ کون وکەلەبەرێکی ئەم ناوچەیە شارەزاین هیچ خەمت نەبێت .**

**گوڵە : کەواتە با برۆم وئەم خەبەرە خۆشە بەدایکم بگەیەنم .**

**رێباز : وریای خۆت بە بن دارەکاندا برۆ .**

**(( گوڵە بەراکردن دەگەرێتەوە )) .**

**—— برین ——**

**دیمەنی ( 25 )/شوێن : مەقەرسریە لەشاخ /**
**کات/ 10,35 ی بەیانی / دەرەوە**

(( پتر لە ( 50 ) سەرباز بە چەند ریزێك راوەستاون ، نائب زابت قسەیان بۆ دەكات ، دواتر هەموو بەریزێك رادەكەن ونائب زابتیش لە پێشەوەیە )) .

**—— برین ——**

**دیمەنی( 26 ) /شوێن :ژێرخانە روخاوەکەی شاسوار/**
**کات/11ی پێشنیوەرۆ/ژوورەوە**

(( شاسوار خەریكە لەناو چاڵەكەدا بە چنگ خۆڵ فرێ دەداتە دەرەوە، دواتردەست دەداتە بەردەكەلە چاڵەكە دەیهێنێتە دەرەوەكە لەناوكیسەیەكی نایلۆندایە، نایلۆنەكەی لێدەكاتەوە وبەردەكە دەردەكەوێت كەبەخەتی بزماریی لێی نووسراوە ، لە قەراغ چاڵەكە دایدەنێت ، لەناو چاڵەكەدا سندووقێكی چوارگۆشە ی بچووك كەپرە لە پارەی كۆن ، سەری سندووقەكە لادەبات دەردەكەوێت )) .

**—— برین ——**

**دیمەنی ( 27 )/شوێن: بن دارەگەورەکە**
**کات /12ی نیوەڕۆیە /دەرەوە**

(( شاسوار وڕێباز خەریکی بەستنەوەی گونیەیەکی گەورەن لەسەر پشتی یەکێك لە هێسترەکان )) .

**ڕێباز** : بابە ئەم بەردەی ناو ئەم گونیەیە ئەوەندە گرنگ بوو تاکو تۆ ژیانی خۆتی بۆ بخەیتە مەترسیەوە !!؟؟
**شاسوار** : بەڵێ زۆر گرنگە .. ئەوکاتەی من نەمام ومردم بۆت دەردەکەوێت ئەم بەردە چەندە بەنرخە !! .. دەی کورم بچۆ بەدوایاندا بامن دووقسەیان لەگەڵدا بکەم هەتا تۆش دەگەڕێیتەوە منیش نوێژی نیوەڕۆ دەکەم .
**ڕێباز** : باشە بابەگیان ، هەر ئێستا !
**شاسوار**: وریای خۆت بە ڕۆڵە گیان .

(( **ڕێیاز بە خێرایی بەبن دارەکاندا ڕادەکات** . ))

—— بڕین ——

**دیمەنی ( 28 )/شوێن :کانیی خوار دارەگەورەکە**
**کات/ 12,3ی پاشنیوەڕۆ/دەرەوە**

(( شاسوار لەسەر کانیەکە خەریکی دەستنوێژ هەڵگرتنە )).

—— بڕین ——

**دیمەنی (29 )/شوێن : ژێرگەورەروخاوەکە/**

**کات/12,5ی پاشنیوەڕۆ/ دەرەوە**

(( ڕێباز یەکێك لە منالەکانی لە باوەشدایە ودێتە دەرەوەو گولەش بەدوایدا ودواتریش هەموویا دێنە دەرەوە )) .

**ڕێباز :** دەبێت بەخێرایی لەبن دارەکانەوە تێپەڕین .

**ئەکرەم :** خەمت نەبێ .

(( ڕێباز بەخێرایی دەڕوات گولەش بەدوایدا دەڕوات )) .

—— بڕین ——

**دیمەنی (30 )/شوێن :کانیەکە**

**کات/ 12,6ی پاشنیوەڕۆ / دەرەوە**

(( شاسوار لە سوجدەدایە ، دواتر سەر بەرز دەکاتەوەو دەست دەکات بە ئایەت خوێندن ، سەلام دەداتەوە وپاشان هەردوودەستی بەرز دەکاتەوەو دەست دەکات بە پاڕانەوە لە خوای گەورە )) .

—— بڕین ——

**دیمەنی ( 31 )/شوێن: ناوباخی چوالەبادەم**

**کات/ 12,7ی پاشنیوەڕۆ / دەرەوە**

(( بۆ ماوەیەکی کەم هەموو ڕێدەکەن ، ڕێبازیش لەبن دارێك رادەوەستێت و ڕوو دەکاتەئەکرەم )) .

**ڕێباز :** ئێوە لێرەبن تا دەچمە لای باوکم .

(( هەموو لەبن دارەکە دادەنیشن وڕێبازیش منداڵەکەی باوەشی لای گوڵەوە دادەنێت )).

زوو دەگەڕێمەوە .

(( **ڕێباز بە خێرایی دەڕوات .** ))

**مامی گوڵە :** لاوێکی خوێن شیرینە !!

—— بڕین ——

**دیمەنی ( 32 ) /شوێن :کانی**

**کات/12,9 ی پاشنیوەڕۆ / دەرەوە**

(( شاسوار خەریکی پڕکردنی دوو دەبە ئاوەکەیە ، ڕێباز بەپرتاو دەگاتە لای باوکی ، بەرامبەر باوکی دەوەستێت ، بەلام هەناسەبڕکێی پێکەوتووە )) .

**ڕێباز :** بابەگیان !؟

**شاسوار :** ها کوڕم چیت کرد ؟؟

**ڕێباز :** هەموویان لە ڕەزەکەی خۆماندان و چاوەڕێی تۆن .

**شاسوار :**یائەڵلا بە ئیزنی تۆ .

(( شاسوار هەڵدەستێتە سەرپێ و ڕێباز بەپرتاو دەگاتەلای‌و دەست دەداتە هەردوو دەبەئاوە پێنج لیتریەکە و هەردووکیان پێکەوە کانیەکە جێ دێڵن )) .

—— بڕین ——

**دیمەنی( 33 )/شوێن :بن دارە گەورەکە**
**کات /12,35 ی پاشنیوەڕۆ / دەرەوە**

(( ڕێباز کەلوپەلەکانی لەسەر پشتی هێسترەکە بەستووەتەوە ، دەست لە گونیەکە دەدات و بەسەرسوڕمانێکەوە لەبەر خۆیەوە دەڵێت )) .

**ڕێباز :** سەیرە .. باوکم خۆی خستبووە ئەم هەموو مەترسیەوە بۆ ئەم بەردە !! تۆبڵێی ئەم بەردە ئاڵتون بێت !!؟ ، باوکم وتی ڕۆژێك دێت شانازی بەو بەردەوە بکەیت !! .

(( لەم کاتەدا گوڵە بە پرتاودێتە پشتیەوەو ڕادەوەستێت )) .

**گوڵە :** سڵاو ڕێباز .
(( ڕێباز بە بیستنی دەنگی گوڵە دادەچڵەکێت ودواتر بە خۆشحاڵیەوە لادەکاتەوە بەلایەوە )) .

**ڕێباز : تۆ کێی ؟؟**

(( **گوڵەش دەم وچاوی بەگەڵای درەخت دا پۆشیوە** )) .

**گوڵە : چیە ترسای .. ڕێباز !؟**
**ڕێباز : گوڵە .. ئەوە بۆوات لەخۆت کردووە ؟**
**گوڵە :باوکت وتی بە ڕێباز بڵێ با هێسترەکانیش بە لقی درەخت وگەڵای درەخت داپۆشێ ، منیش هاتووم هاوکاریت بکەم .**

**—— بڕین ——**

**دیمەنی** ( 34 )/**شوێن :ئەودیوی شاخەکە**
**کات** / 1 **ی پاشنیوەڕۆ / دەرەوە**

**(( چەند ئیڤایەك لەدوای ئوتومبیلی ئامرەکەوە دەڕۆن ، لەدوای ئیڤاکانیشەوە چەند ئوتومبیلێکی پیکاب دەڕۆن کەجاشیان بەسەرەوەیە ، هەر دەڕۆن تاکو نزیکی شاخەکە دەبنەوەو رادوەستن ، ئامر وئەفسەرێك دادەبەزن و سەرۆکی جاشەکانیش دادەبەزێت ودێت لەنزیکی ئامرەکەوە رادەوەستێت )) .**

**ئامری سەربازەکان** : هذه هی المنطقة ؟؟
**موستەشار** : سیدی حسب ما اذیع من اذاعتهم ... ورا ذاك الجبل .
**ئامری سەربازەکان** : اذن لما نوصل ورا الجبل یجینه اللیل .. فالاحسن نبات هنا وناخذ معلومات ازید من اللواء (23) ... او خلی فرسانكم یتجمعون بصفحه .

(( **موستەشار سەرێك دادەنەوێنێ و دەڕوات** )) .

**—— بڕین ——**

**دیمەنی** (35) /**شوێن : بن دارێك**
**کات** / 1,1 **ی پاشنیوەڕۆ / دەرەوە**

(( شاسوار دوور لە هەرسێ خێزانەکە لەبن دارێکدا راوەستاوەو چاوەڕوانی ڕێبازە وبۆدوور دەڕوانێت ، ئەکرەم دێتەلایەوە کە ئەویش سەروگوێلاکی بەگەڵا داپۆشیوە )) .
**ئەکرەم** : باوکی ڕێباز .. نەگەڕانەوە !؟ بچم بەدوایاندا ؟
**شاسوار** : پێویست ناکات ، ئەوەتان !
(( شاسوار ڕێباز دەبینێ کە ڕەشمەی هێسترەکەی بە دەستەوەیە وسەرو گوێلاکی بەگەڵا داپۆشیوە وگوڵەش بەسەر هێسترەکەوەیە )) .

کاکە .. بەهەموویان بلێ بابڕۆین ، هەر بەو چەمەی خوارەوەدا دەڕۆیـن ، بـەلام دەبێت زۆر وریـای منالەکان بین دەنگیان نەیەت .

ئەکرەم : بەسەرچاو هەر ئێستا .

—— بڕین ——

**دیمەنی ( 36 )/ شوێن :نوقتەی چاودێری لەشاخ**

**کات/30,1ی پاشنیوەڕۆ/ دەرەوە**

(( دووسەرباز لەناونوقتەکەدان ، خەریکی نۆرە گۆڕینەوەی حەرەسیاتن، سەربازی یەك دووربینەکەی ملی دەدات بەسەربازی دوو دەڕوات ، سەربازی یەك بە دووربینەکەی دەستی تەماشای گوندەکەو چواردەوری دەکات )) .

—— بڕین ——

**دیمەنی ( 37 )/شوێن : نزیك دامێنی شاخەکە**

**کات / 45,1ی پاشنیوەڕۆ/ دەرەوە**

((شاسوار لەپێشی هێسترەکانەوە دەڕوات ، کەهەر هێسترێك دوو منالی بەسەرەوەیە وسێ منالەکەی تر بەپێ دەڕۆن ،

یەکێ لەمناڵەکان لەبەر ماندوێتی رادەوەستێ ، رێباز دەستی دەگرێ وبەدوای خۆیدا ڕایدەکێشێ بەردەوامیش هەرسێ خێزانەکە دەڕۆن )) .

—— بڕین ——

**دیمەنی ( 38 )/ شوێن :ئەودیوی شاخەکە**

**کات /1,50ی پاشنیوەڕۆ/ دەرەوە**

(( کۆمەڵێک سەرباز خەریکی دامەزراندنی خێمەن ، سەربازەکانی تریش کۆمەڵ کۆمەڵ دانیشتوون ، چەند سەربازێکیش بە چەکەوە لە چواردەوریان پاسەوانییان دەکەن )) .

—— بڕین ——

**دیمەنی (39 )/ شوێن :سەرەوخوارکەیەک بەرامبەری شاخ**

**کات/2ی پاشنیوەڕۆ/دەرەوە**

(( بەردەوام هەموویان بەتولە رێیەکدا دەڕۆنە خوارەوە ، یەکێک لەسێ مناڵەکەدەکەوێت و تەپاوتل دەدات ، دوومناڵەکەی تر دەکەونە هاوارکردن ، خاڵی گوڵە وخاڵۆژنی بە پەلە دەگەنەلای)) .

**منالْ :** بابە ئەحمەد کەوت .

(( **شاسوار گوێییستی دەنگی منالْەکە دەبێت** )) .

**شاسوار :** ئەکرەم ئەو منالاْنە .

(( ڕێـبـازو گولْە بەپرتاو ڕادەکـەن ومنالْەکە هەلْدەگرنەوە وسەیردەکەن دەستی زامـدار بووە ، ڕێباز منالْەکە دەکاتە کۆڵی خۆی ، خالْی گولْەومامی دوو منالْەکەی تریش دەکەنە باوەشیان ، دەسـت دەکـەنـەوە بە ڕۆشـتن تاکو دەگـەنـە بن شاخەکە ) .

——— **بڕین** ———

**دیمەنی** ( 40 )/**شوێن :شاخێك**

**کات** /3**ی پاشنیوەڕۆ / دەرەوە**

(( کۆمەلْێك پێشمەرگە کە لە ( 30 ) کەس زیاترن بە یەکریز بەدوای یەکدا دەڕۆن ، غەریب هەلْەدنی کە فەرماندەیانە لە پێشیانەوە دەڕوات )) .

——— **بڕین** ———

**دیمەنی ( 41 )/شوێن :بەرزاییەك لە دامێنی شاخەکە**
**کات/3,10ی پاشنیوەڕۆ/ دەرەوە**

(( هەموو لەسەرەتای بەرزایی شاخەکەدان و بەردەوامیش دەڕۆن ، ئامۆژنی گوڵە لەتاو ماندوێتی هەناسەبڕکێیەتی وسەری سوردەخوات ودەست دەگرێ بەسەریەوە و رادەوەستێت و لە پڕدا دەکەوێتە سەر زەوی ، هەموولێی کۆدەبنەوە ودوو منداڵەکەی سەر هێسترەکەش دەگرین ، خاڵۆژنی گوڵە هاوار دەکات )) .

**خاڵۆژنی گوڵە :** ئاوی بۆ بێنن .

(( شاسوار بەدەبەئاوەکەوە دێتەخوارەوە و دەسبەجێ دەبە ئاوەکە دەداتە دەست خاڵۆژنی گوڵە ، شاسواریش بە نیگەرانیەوە دەگەڕێتەوە دواوە و لەنزیك هێسترەکە دادەنیشێت ، ڕێبازیش سەیری باوکی دەکات و دەچێتە لایەوە دادەنیشێت )) .

**ڕێباز :** بابەگیان چیە .. نیگەرانی !؟

**شاسوار :** چۆن نیگەران نابم ، هێشتاسەرەتای ڕۆشتنمانە ، سەرەتا کەمن رازی نەدەبووم بیرم لەم ڕێگەیە دەکردەوە و دەمزانی ئەمانەناتوانن ڕێ بکەن .

— بڕین —

**دیمەنی ( 42 )/شوێن : ئەودیوی شاخەكە**

**كات / 3,25ی پاشنیوەڕۆ / ژوورەوە**

(( ئامری سەربازەكان لەژێر خێمەكە دانیشتووە وبە جیهاز قسەدەكات، لەسەر مێزەكەی بەردەمی نەخشەی كوردستان دانراوە و بەقەڵەم لەسەر نەخشەكە دەنووسێ )) .

**—— بڕین ——**

**دیمەنی ( 43 )/شوێن :سەرشاخ /**

**كات / 3,50 ی پاشنیوەڕۆ / دەرەوە**

(( هەموو بەردەوام بەسەر شاخەكەدا سەردەكەون ، بەڵام زۆر ماندوون و هەرسێ خێزانەكەش بە ناڕەحەتی سەردەكەون )) .

**—— بڕین ——**

**دیمەنی ( 44 ) / شوێن : نزیك بەرزایی شاخەكە**

**كات / 4ی عەسر / دەرەوە**

(( شاسوار لە پێشیانەوە دەڕوات وپاش كەمێك دەستی بەرز دەكاتەوەو رادەوەستێت ، ئەوانیش رادەوەستن وڕێبازیش منداڵەكە لەكۆڵی دادەگرێت و دەچێتەلای باوكی )) .

**ڕێباز : چی بووە بابە گیان !؟**

**شاسوار : کورم دەچمە سەرەوە ، تۆش وریای هێسترەکان بە ، ئەوانیش دەنگیان نەیەت .**

**ڕێباز: بێ خەم بە بابەگیان .. تۆش وریای خۆت بە .**

(( **شاسوار ، ڕێباز بەجێدەهێڵێت و ڕێبازیش لەلای هێسترەکان دادەنیشێت و گوڵەش دێتە لایەوە** )) .

**گوڵە : چی بووە !؟**

**ڕێباز : نازانم .. باوکم چووەتە سەرەوە ، پێمواية بۆ دڵنیا بوون چووە!!**

(( **بەدەم قسەکانیەوە دەست دەکات بە توورەکەکەدا** )) .

**—— بڕین ——**

**دیمەنی** ( 45 )/**شوێن :لوتکەی شاخ**

**کات** / 4,20 **یعەسر** / **دەرەوە**

(( **شاسوار بە وریاییەوە دەڕوات تا دەگاتەنزیک بەردێک ، دەچێتەسە بەردەکەولەوێوە بەدووربین تەماشای ئەودیوی شاخەکە دەکات و چاوێکیش بە خوار شاخەکەدا دەخشێنێ ، لە ناوچاوی دووربینەکەوە دەردەکەوێت لەخوارەوە ژمارەیەك ئوتومبیلی ئیڤاو چەند سەربازێك بەڕیز وەستاون**

و خەرێکی خواردن وەربگرن ، شاسوار دووربینەکە لادەبات و بەنیگەرانیەوە دەڵێت )) .

**شاسوار** : سەیرە .. تۆبڵێی ئێمەیان بەدی کردبێت ؟ وائەم هەمووسەربازە لەم ناوەن !!؟

(( **شاسوار بەوریاییەوە پاشەوپاش دەگەڕێتەوە دواوە** ))

**ـــــ بڕین ـــــ**

**دیمەنی ( 46 )/ شوێن :خوار لوتکەی شاخ**
**کات / 5ی عەسر / دەرەوە**

(( ڕێباز لەبەردەمی باوکی گوڵەدا ڕاوەستاوەو عەلاگەیەکی بەدەستەوەیەوخورمای تیایە وبەسەرهەموویاندا دابەشی دەکات ، دواتر دەگەڕێتەوە لای گوڵە دادەنیشێت ، لە خورماکەش بەشی گوڵە دەدات ، گوڵەش دوو دەنك هەڵدەگرێت وبەدەم خواردنەوە دەڵێت )) .

**گوڵە** : باوکت زۆری پێچوو .. نەگەڕایەوە !؟

**ڕێباز :** تاکە دڵنیا نەبێت ناگەڕێتەوە .
**گوڵە :** ئەوە باوکتە .. هاتەوە !!

(( **ڕێباز لە جێی خۆی هەڵدەستێ و بەرەو پیری دەچێت** ))

**ڕێباز :**بابەگیان گیان زۆرتان پێچوو !!
**شاسوار :** چ بەلایەك ڕووی تێکردووین !؟
**ڕێباز :** بەلای چی بابەگیان ؟؟
**شاسوار :** کوڕەکەم دەبێت بگەڕێنەوە خوارەوە !!

(( **لەم کاتەدا ئەکرەم و هەموویان خڕدەبنەوە** )) .
**ئەکرەم :** چی بووە کاك شاسوار ؟؟
**شاسوار :** ئەودیوی شاخ قوواتێکی زۆری جەیش وجاشی لێیە ، دیارە چاودێرەکانی سەرشاخ ئێمەیان دیوەو ئەو قوواتەش بۆ ئێمە هاتوون ، ناچارین بگەڕێینەوە خوارەوە .
(( **سێ ژنەکە دەگرین** )) .

گریانی ناوێت ، پەلە بکەن تا شتێك ڕووینەداوە .
(( **شاسوار ڕەشمەی هێسترەکە دەگرێت وبەرەو خوار دەڕوات** ))

**ــــــــ بڕین ــــــــ**

## دیمەنی ( 47 )/شوێن :مەقەرسریەی شاخ
## کات / 6ی سەرلەئێوارە / دەرەوە

(( دوو سەرباز دوو مەنجەڵیان لەبەر دەمدایە و پتر لە ( 50) سەرباز بەریز وەستاون ، دووسەربازەکە یەکێکیان برنج تێدەکات وئەویتریان شلەیان بۆ دەکات بەسەریدا ، سەربازە کوردەکە نۆرەی دێتە پێشەوە و ئەوانیش خواردنی بۆ تێدەکەن ، نائب زابتەکە دێتەلای دوو سەربازەکەو ڕوودەکاتە سەربازە کوردەکە )).

نائب زابت : خلص عشاك .. الليله لازم تلزم اربع ساعات حراسه .. تتذكر ما گتلك ؟؟

(( سەربازەکوردەکە دەڕوات ولەبەر خۆیەوە دەڵێت ))

سەربازی کورد : احنه الاكراد عبد عندكم .. خۆ ما مشترينا ، تنظرونا مثل العبيد .

—— بڕین ——

## دیمەنی ( 48 )/ شوێن :ناوقەدی شاخ
## کات /7ی شەوە ومانگەشەوە/ دەرەوە

(( بەردەوام هەموویان بەرەو خوارەوە ڕێدەکەن وگوڵەورێبازیش بەدوای یەکدا دەڕۆن و سەرو منداڵیان لە کۆڵدایە )) .

**گوڵە** : ئێمە بەرەو خوار بۆکوێ دەڕۆین ؟؟
**ڕێباز** :باوکم لەمن شارەزاترە لەم ناوە ، دەبێت بەڕێگەیەکی تردا بڕۆین .

(( لەم کاتەدا تەڵقە تەنورەیەك بە ئاسماندا هەڵدەدرێت وهەموو چیاکە ڕووناك دەکاتەوە ، هەردوو هێسترەکە دەکەونە جوڵەو دەترسن ، یەکێك لە منداڵەکانی سەریەکێك لە هێسترەکان دەکەوێتە خوارەوە و بە تەپاوتل بە تولە ڕێگەکەدا خل دەبێتەوە و دەکەوێتەناو ( کێڵگەی مین) ەوە و لەپڕ ( مین) ێك دەتەقێتەوە )) .

—— بڕین ——

**دیمەنی ( 49 )/شوێن :نوقتەی حەرەسیاتی مەقەڕسریە**
**کات/1,7ی شەوە/ دەرەوە**

(( سەربازە کوردەکە بەپێوەیەو چەکی بەشانەوەیە ، بەبیستنی دەنگی ( مین ) ەکە لەبەر خۆیەوە دەڵێت )) .

**سەربازی کورد** : لەم وڵاتەدا تەنانەت حەیواناتیش ناتوانن بە ئازادی بگەڕێن !!

—— بڕین ——

**دیمەنی ( 50 )/ شوێن :ژووری نائب زابت لەشاخ**
**کات / 2,7ی شەوە / ژوورەوە**

(( نائب زابت سەماعەی تەلەفونەکەی بەگوێوەیە وقسە دەکات ))

**نائب زابت** : سیدی ماکو شی ... یبین مثل اللیالی السابقە ، هی حیوانات وتنصاب .

—— بڕین ——

**دیمەنی** ( 51 )/**شوێن :ناو قەدی شاخ**
**کات** / 7,3**ی شەوە /دەرەوە**

(( منداڵەکە قاچی بە ( مین )ەکە قرتاوەوشاسوار بە جامانەیەك خەریکی بەستنیەتی و خالۆژنی گوڵەش دەگری )) .

**شاسوار :** بێدەنگ بە رۆڵە .. شەوە ، دەنگمان دەبیستن ، دەی باخێرا برۆین تاکە لەخوارەوە چارەسەرێکی بکەین .

(( مامی منداڵ ، منداڵەکە دەگرێتە باوەشی و بەخێرایی دەکەونە رێ )) .

—— بڕین ——

**دیمەنی** ( 52 )/ **شوێن :ژێرخانەکەی ماڵی شاسوار**
**کات**/ 9**ی شەوە / ژوورەوە**

((شاسوار چەقۆیەکی بەدەستەوەیە و لەناو ئاگرەکە دەریهێناوە و نووکەکەی سوور بووەتەوە )) .

**شاسوار :** ئێوە منداڵەکەم بۆ بگرن .. ئادەی کوڕم ئەو پارچە پەڕۆیە بخەناودەمیەوە .

(( ئەکرەم ومامی وباوکی منداڵەکە دەگرنو ڕێبازیش پارچە پەڕۆکە لە ناو دەمی منداڵەکە دادەنێت وبە توندی سەری دەگرێت ، شاسوار چەقۆ سوورکراوەکە دەنێت بەقاچە براوەکەدا ، تەواودووکەڵی بۆسۆی لێبەرز دەبێتەوە ، منداڵەکەش لەتاو ئازار دان بەپەڕۆکەدا دەنێت ودواتر لەهۆش خۆی دەچێت )) .

— بڕین —

**دیمەنی** ( 53 )/**شوێن : بن دارێك**

**کات** / 9,30ی **شەوە / دەرەوە**

(( هەموو پێشمەرگەکان لەچواردەوری غەریب هەڵەدنی دانیشتوون ، ئەویش قسەیان بۆ دەکات )) .

**غەریب :** کورینە .. ئێمە ئێستا لەچواردەوری دوژمنداین ، بەیانی پێش ئەوەی خۆر هەڵبێت دەبێ سەرو شانوملمان بەگەڵای درەخت داپۆشین بۆ ئەوەی دوژمن نەمانبینێ تاکو دەگەینە شوێنی دیاریکراو ، چونکە هەمووومان پێشمەرگەی پارتیزانین ودەبێ وەکو پارتیزان ڕەفتار بکەین ، کەس پرسیاری هەیە ؟؟

(( **هەموو پێشمەرگەکان سەیری یەکتری دەکەن** )) .

زۆرباشە .. ئێستا لەچوارلای خۆمان حەرەسیات دادەنێین ، کاک هێرش .

**هێرش :** بەڵێ کاک غەریب .

**غەریب :** نهێنی بۆ حەرەسەکان دابنێ .

—— بڕین ——

**دیمەنی ( 54 )/ شوێن :ناوحەوشەی خانووەکەی شاسوار**

**کات/ 10,30 ی شەو/دەرەوە**

(( ڕێباز لە سووچێکی حەوشە داروخاوەکەدا وەستاوەو سەیری شاخەکە دەکات ، گوڵەش دێتە لایەوە )) .

**گوڵە :** بیر لەچی دەکەیتەوە !؟

**ڕێباز :**ئەو هەموو ماندووبوونەو ئەو ڕێگە سەختە وقاچ پەڕینی خاڵۆزاکەت ، ئەوانە مێشکی منیان مەشغوڵ کردووە ، ئەگەر وانەبوایە ئێستا نیوەی ڕێگەکەمان بڕیبوو وئێوەش لە مەترسی نەجاتتان بووبوو .

—— بڕین ——

## دیمەنی ( 55 )/شوێن :ژێرخانەکەی شاسوار
## کات /10,31ی شەو / ژوورەوە

(( شاسوار لە سووچێکی ژوورەکەدا دانیشتووە وقسە لەگەڵ خاڵی گوڵە دەکات و هەمووشیان گوێیان گرتووە )) .

خاڵی گوڵە : باشە ئێوە بۆ خەمێکی منڵەکەی من ناخۆن ؟؟ تکایە کاك شاسوار کارێك بکە.

**شاسوار** : من بەم شەوە هیچ کارێکم پێناکرێ ، خۆتان چاك دەزانن هەموو ڕێگاکان (مینڕێژ) کراون ومنیش ئامادەنیم ژیانی خۆم وکورەکەم بخەمە مەترسیەوە ، سبەینێ شەبەقی دەرۆم ڕێگاکە تاقی دەکەمەوە ، ئێستاش دەڕۆم بۆلای هێسترەکانم .. خواحافیز .

(( شاسوار هەڵدەستێ ودەچێتەدەرەوە )) .

— بڕین —

## دیمەنی ( 56 )/ شوێن :ژێرخانە ڕوخاوەکە
## کات /6 ی سەرلەبەیانی /ژوورەوە

(( لە پەنجەرەو دەرگاکەوە ڕووناکی هاتووەتە ناو ژوورەکەوەو ژوورەکەش تەواو ڕووناك بووەتەوە ، هەموویان خەویان لێکەوتووە ومناڵەکەش هێشتا بێهۆشە ، خاڵۆژنی گوڵە لەلای مناڵە قاچ بڕاوەکەوەیە ، یەکێك لە مناڵەکانی تر بەدەم خەوەوە ولەبرسانا قوڵی کراسەکەی لەدەمدایەو دەیجوێت )) .

—— بڕین ——

## دیمەنی ( 57 )/شوێن :نوقتەی چاودێری لەشاخ
## کات/ 6,1ی بەیانی / دەرەوە

(( لە دووری نوقتەکەوە دووپشکێك بەرەو نوقتەکە دەڕوات)).

—— بڕین ——

## دیمەنی ( 58 ) شوێن :ژێرخانەکەی شاسوار
## کات / 6,2 ی بەیانی/ژوورەوە

(( خالۆژنی گوڵە کەمێك دەجوڵێتەوە وبەئاگادێتەوە وخۆی قیت دەکاتەوەوچاوێك بە هەموویاندا دەگێڕێت وهەڵدەستێ ودەچێتە دەرەوە و لە خوار حەوشە ڕوخاوەکەوە کراسەکەی هەڵئەکێشێ ...))

—— بڕین ——.

## دیمەنی ( 59 )/شوێن :نوقتەی چاودێری لەشاخ
## کات/ 6,3 یبەیانی /دەرەوە

(( سەرباز لەناو نوقتەکەدا خەویان لێکەوتووە ، بەردەوام دووپشکەکەش لە دووری نوقتەکەوە دەڕوات )) .

—— بڕین ——

**دیمەنی** ( 60 )/**شوێن :بن دارە گەورەکە**
**کات** / 6,4 **ی بەیانی /دەرەوە**

((ڕێباز خەریکی هێسترەکانە ، شاسوار بەدەبەیەك ئاوەوە دێتەلای)).

**شاسوار** :کورم بە وریاییەوە بچۆ پێیان بڵێ خۆیان ئامادەکەن ، لێرەوە دەڕۆین ، بیانهێنە بۆ ئێرە .

(( ڕێباز دەست لە کارەکەی هەڵدەگرێ ودەڕوات )) .

—— بڕین ——

**دیمەنی** ( 61 )/**شوێن :ژێرخانەکەی شاسوار**
**کات** /6,5 **ی بەیانی /ژوورەوە**

(( گوڵە لەلای مناڵەکەوەیە ، بەخەبەر دێت و باوێشك دەدات وچاوێك بە ناو هەموویانا دەگێڕێ و سەیرێکی مناڵەکەش دەکات ودەست دەبات بۆ دەستی بەشلی دێت بەدەستیەوە ... گوڵە دەشڵەژێت ، دەست دەبات بۆ سەرسنگی مناڵەکە و هەست دەکات کە هەناسە نادات )) .

**گوڵە** : باوکە .. خاڵە .. مامە !!!

(( هەسێکیان بە ئاگادێن و لەگەڵ ئامۆژنی ودایکی دێنە لای مناڵەکەو چاویان بەمناڵەکە دەکەوێت ، خاڵی گوڵە دەست دەکات بەگریان ، دواتر هەموویان بەدوایدا دەست

دەکـەن بەگریان ، خاڵۆژنی گوڵە بەپرتاو دێـتـە ژوورەوە ، لەبەردەرگاکەوە چاوی بە هەموویان دەکەوێت ، ئەمیش دەست دەکات بەگریان ولەخۆدان )) .

—— بڕین ——

**دیمەنی ( 62 )/ شوێن :نوقتەی چاودێری لەشاخ**

**کات / 6,6 ی بەیانی /دەرەوە**

(( سەربازەکە هێشتا هەر خەوی لێکەوتووەو دووپشکەکەش لەنێو دەرگاکەیدایە )) .

—— بڕین ——

**دیمەنی ( 63 )/شوێن :بن دارەگەورەکە**

**کات / 6,7 ی بەیانی / دەرەوە**

(( شاسوار دانیشتووە وجگەرەیەکی بەلێوەوەیەو نەفەسی لێدەدات ، بەپرتاو ڕێباز دێتەلای )) .

**ڕێباز** : بابە .. ئەو منداڵە مرد !!

(( **شاسوار هەڵدەستێتە سەرپێ** )) .

**شاسوار** : (( لا حـەولـە وەلا قـووەتـە ئیللا بیللا ئەلعەلیول ئەلعەزیم)) .

—— بڕین ——

**دیمەنی ( 64 ) /شوێن :ناوقەدی شاخێك**

**کات /6,8 ی بەیانی / دەرەوە**

(( **غەریب هەڵەدنی وپێشمەرگەکانی هەموویان بە چڵەداروگەڵا سەر گوێلاکی خۆیان داپۆشیوە وبەردەوام بە شاخەکەدا سەر دەکەون** )) .

**—— بڕین ——**

**دیمەنی ( 65 )م شوێن :کانیی خوار دارە گەورەکە**

**کات/ 6,9 یبەیانی / دەرەوە**

(( **شاسوارو ئەکرەم خەریکی هەڵکەندنی گۆڕن بۆ منداڵەکە**)).

**—— بڕین ——**

**دیمەنی ( 66 )/ شوێن :نوقتەی چاودێری لەشاخ**

**کات /6,10 ی بەیانی / دەرەوە**

((**بەردەوام سەربازەکە خەوتووە ودووپشکەکە لەسەرقۆڵی دەڕوات ، لەم کاتەدا نائب زابتەکە دێت وبەدارەکەی دەستی لە دووپشکەکە دەدات و دەکەوێتەسەر زەوی و بە پۆستاڵەکەی پانی دەکاتەوە وزللەیەك لەسەربازەکە دەدات وبەئاگای دێنێتەوە ، سەرباز دادەچڵەکێت ولە ڕووی نائب زابت قیت دەبێتەوە** )) .

سەرباز : عفوا سیدی . غفیت چم دقیقه .

نائب زابت : اسکت لك کلب ابن الکلب ، لازم اعاقبك ...

((نائب زابت دەست دەداتە دووربینەکەی ملی سەربازەکەو لەملی دەکاتەوە تەماشای گوندەکەو چواردەوری گوندەکە دەکات، بەردەوام دەڕوانێت تاکو دەگاتە سەر کانیەکە و هەموویان دەبینێ )) .

منو ذوله الجماعه ؟ لازم المخربین ...!!!

(( دەست دەداتە تەلەفونەکە وهندلەکەی دەخولێنێتەوەو سەماعەکەی دەنێت بە گوێ یەوە وبەردەوامیش بەدووربینەکە سەیردەکات )).

الو .. انطینی امر الوحدة بسرعة .

—— بڕین ——

**دیمەنی ( 67 )/ شوێن :کانیەکە**
**کات / 7 ی بەیانی / دەرەوە**

((منداڵە مردووەکە لەباوەشی دایکیدایەو بەسەرپۆش کفنی بۆ کراوەو دایکی بەسەر منداڵەکەدا دەگری ، ئەکرەم منداڵە کە لە ژنەکە دەستێنێ‌و دەیداتە دەست شاسوار ، شاسواریش دەیخاتە ناو گۆڕەکەوە ، هەرسێ خێزانەکەش لەگۆڕەکە کۆبوونەتەوە و دەگرین )) .

**ـــــــ بڕین ـــــــ**

**دیمەنی ( 68 )/شوێن :ناو قەدی شاخ**
**کات / 7,7 یبەیانی / دەرەوە**

(( نائب زابت و چەند سەربازێك بەتوولە ڕێیەکی شاخەکەدا بە خێرایی دێنە خوارەوە ، سەربازە کوردەکە لە دوای نائب زابتەوەیە )) .

**ـــــــ بڕین ـــــــ**

**دیمەنی ( 69 )/ شوێن :ئەودیوی شاخەكە**
**كات /7,9 یبەیانی /دەرەوە**

(( هەمووسەربازەكان وئوتومبیلی جاشەكان بەدوای یەكدا دەڕۆن ، بەلاَم ئوتومبیلی ئامری سەربازەكان لەپێشەوە بەخێرایی دەڕوات )) .

—— بڕین ——

**دیمەنی ( 70 )/ شوێن :كانیەكە**
**كات /7,9 ی بەیانی / دەرەوە**

(( شاسوار و ئەكرەم وخاڵی گوڵە ومامی و ڕێباز خەریكی پڕكردنەوەی قەبرەكەن ، خاڵۆژنی گوڵە دەگری ولەخۆی دەدات و ئایشێ و ئامۆژنی گوڵە بەگریانەوە دەستی دەگرن)).

—— بڕین ——

**دیمەنی ( 71 )/ شوێن :ناو سەربازگەیەك**
**کات / 7,20 ی بەیانی / دەرەوە**

(( کۆمەڵێك سەرباز بەرەو هاوەنەکە ڕادەکەن و دابەش دەبن بەسەریایەکێکیان خەریکی بەرزکردنەوەی هاوەنەکەیە ، نائب زابتیش لەولایانەوە ڕاوەستاوەو هاوار دەکات )) .
**نائب زابت : اضبط علی بعد 1300**

**(( سەربازەکان خەریکی بەرزکردنەوەی هاوەنەکەن )) .**

**—— بڕین ——**

**دیمەنی ( 72 )/شوێن :سەرەوخوارکەیەك لەشاخ**
**کات /7,25 یبەیانی /دەرەوە**

((غەریب هەڵەدنی وپێشمەرگەکان بەپەلە لەشاخەکە دێنەخوارەوە)) .

**—— بڕین ——**

**دیمەنی** ( 73 )/ **شوێن :سەربازگە**
**کات** / 7, 27 **ی بەیانی / دەرەوە**

(( **سەربازەکان لەچواردەوری هاوەنەکەن و چاوەڕێن ، نائب زابت هاوار دەکات )) .**

**نائب زابت : تهیـــــــأ ...**

(( **سەربازەکان لەبەردەمی هاوەنەکەدان وگوللەکەیان لە دەمی هاوەنەکە ڕاگرتووە )) .**
**ارمـــــــی ...**
**((سەربازەکان گوللەکە دەخەنە ناو هاوەنەکەوەو گوللە کە دەتەقێت)) .**

**—— بڕین ——**

**دیمەنی** ( 74 )/ **شوێن :کانیەکە**
**کات** / 7,28 **ی بەیانی / دەرەوە**
**(( شاسوارو هەموویان لە دەوری گۆڕەکە وەستاون ، دەستیان بەرزکردوەتەوە ودۆعا دەکەن ، شاسوار گوێبیستی دەنگی هاوەن دەبێت ،تەماشای ئاسمان دەکات ودۆعاکەی تەواو ناکات وهاوار دەکات )) .**

**شاسوار : بڵاوەی لێبکەن .. گولله هاوەنیان تێگرتووین !!**

**(( شاسوار ڕادەکات و هاوار لە ڕێبازی کوڕی دەکات )) .**

**ڕێباز لە شوێنێکدا خۆت حەشاردە .**

**((وژەی هاوەن دێت و لە یاڵەکەی نزیک گوندەکە دەدات بە زەویدا ، دواتر گولله هاوەن لە هەمووﻻیەکی گوندەکە دەکەوێت بە زەویدا ، ئایشێ خەریکی دایکی مناڵە مردووەکەیە کە لەسەر گۆڕی مناڵەکەی هەڵناسێ )) .**

**ئایشێ :هەستە دایکەکەم .. واهاتن بۆمان ، تۆپ بارانمان دەکەن !!**

**دایکی مناڵی مردوو : بامنیش بمرم .. ژیانم بۆچیە !؟؟**

**(( لەم کاتەدا خاڵی گوڵە دێتە ﻻیەوە )) .**

.

**—— بڕین ——**

**دیمەنی ( 75 )/ شوێن :دۆڵێك**
**کات /7,30 ی بەیانی / دەرەوە**

(( کۆمەڵە ئیڤاکەو ئوتومبیلی جاشەکان و ئوتومبیلی ئامرەکەیان رادەوەستن هەمووسەربازەکان وجاشەکان دادەبەزن ، ئامری سەربازەکان وئەفسەرەکە رووله سەربازو جاشەکان دەکەن ) .

**ئامر** : یاللە .. لیَش منتظرین اهجموا علیهم .
(( **هەمووسەربازەکان و جاشەکان رادەکەن** )) .

—— بڕین ——

**دیمەنی ( 76 ) / شوێن :ناو باخی چواله بادەم**
**کات /7,33 ی بەیانی /دەرەوە**

(( ڕێباز گوڵە ودوومناڵ لەبن دارێکی ناو باخەکە دانیشتوون و گوڵە مناڵەکانیش دەگرین )) .

**ڕێباز** : گوڵە وەختی گریان نیە .. هەستە بابڕۆین .
**گوڵە** : دایکم و باوکم و خاڵۆژنم نەهاتن !!؟؟
**ڕێباز** : لەگەڵ باوکم دا ڕۆشتوون .. تۆش هەستە .

**((ڕێباز دەستی گوڵە دەگرێ وبەزۆر ڕایدەکێشێ ، کەمێك لە دارەکە دوور دەکەونەوە وگوللە تۆپێك لەنزیکیانەوە دەدات بە زەویدا ، هەرچواریان لە دوکەڵدا دیارنامێنن )) .**

**—— بڕین ——**

**دیمەنی ( 77 ) /شوێن :کانیەکە**

**کات / 7,40 ی بەیانی / دەرەوە**

**(( هێشتا خاڵۆژنی گوڵە بەسەرگۆڕی مناڵەکەیەوەیەتی و خاڵی گوڵەش لێی تورە دەبێت )) .**

**خاڵی گوڵە : تەقە نزیك بووەتەوە ، دەی هەستەبابڕۆین تێرت نەخوارد لە گریان !!؟؟**

**(( لەم کاتەدا نائب زابت لەناو تووترکەکانەوە بە هەناسەبڕکێ لەگەڵ سێ سەربازدا بەرامبەریان دەوەستێت )) .**

**نائب زابت : ولاد الچلاب لاتتحرکوا ابقوا بمکانکم !!**

**(( خاڵی گوڵەو ئایشێ دەست بەرز دەکەنەوە ، خاڵۆژنی گوڵەش بەسەر گۆڕی مناڵەکەیەوەیەتی و بەگریانەوە دەست دەداتە خاکەنازەکەی لایەوەو ددانەکانی جیڕدەکاتەوە و بە قیژەوە هەڵدەستێ و بەرەو پیری نائب زابتەکە ڕادەکات ، نائب زابتیش گوللەیەك دەنێت بە سنگیەوە و لەناو کانیەکە دەکەوێت ودەمرێت ، خاڵی گوڵەش بە پەلە دەچێت بۆلای ژنەکەی ، نائب زابت گوللەیەکیش دەنێت بە قاچی ئەوەوە**

دەکەوێت ، ئایشێ چاوی بەو دیمەنە دەکەوێت پاشەوپاش دەگەڕێتەوە دواوەو بە خێرایی ڕادەکات ، نائب زابتیش بە دوو سەربازی دەڵێت )) .

انتو تحركوا لهازا الصفحه .. وانت ابق ويه ذول الچلاب .

(( دووسەربازەکە لە نائب زابتەکە جیادەبنەوە و نائب زابتیش بەدوای ئایشێ ڕادەکات ، لەم کاتەدا سێ سەربازی تردێنە سەر کانیەکە ، یەکێکیان سەربازە کوردەکەیە و چاوی بە نائب زابت دەکەوێت کەدوای ژنەکە کەوتووە ئەمیش بەدوای نائبزابت دا دەڕوات )) .

—— بڕین ——

**دیمەنی ( 78 ) /شوێن :ناوباخی چواله بادەم**

**کات /7,42 ی بەیانی / دەرەوە**

(( ڕێبازو گوڵە ومناڵێك تەواوی دەم وچاویان ڕەشیەو هەردووکیان بەسەر مناڵی دووەم دا دەگرین کەمردووە ، ڕێباز مناڵەکە دەگرێتە باوەشی و دەیەوێ هەستێ و بڕۆن کە سەیردەکات چواردەوریان بەجاش گیراوە و هەموویان ڕووی تفەنگەکانیان تێکردوون )) .

جاش ( 1 ) نەجولێنەوە ...

(( ڕێباز سەیرێکی گوڵە دەکات )) .

—— بڕین ——

**دیمەنی ( 79 ) /شوێن :ناوگوند**

**کات /7,55ی بەیانی / دەرەوە**

(( ئایشێ بەردەوام بەناو کۆلانەکانی گوندە ڕوخاوەکەدا ڕادەکات و تەواو هەناسەبڕکێی پێکەوتووە )) .

**—— بڕین ——**

**دیمەنی ( 80 ) / شوێن :ناوچنارەکانی خوار گوند**

**کات/ 8 ی بەیانی / دەرەوە**

(( شاسوار ڕەشمەی هێسترەکەی بە دەستەوەیەو بە خێرایی دەڕوات ، منالێك بەسەر هێسترەکەوەیە، شاسوار لەلای چاڵێکەوە دەوەستێت و منالەکەی سەر هێسترەکە دادەگرێت ، دەست دەکات بەکردنەوەی توورەکەکە و لەناو چاڵەکە دایدەنێت وبە پوش وپەلاشاش دایدەپۆشێت ،منالە کچەکە چاوی بەسەربازەکان دەکەوێت لەناو گەلایەکی زۆردا خۆی دادەپۆشێت ، شاسوار گوێبیستی دەنگی سەربازەکان دەبێت سواری هێسترەکە دەبێت وغار بە هێسترەکە دەدات ، سەربازەکانیش تەقەی لێدەکەن هێسترەکە بەردەکەوێت و چەند هەنگاوێك دوور لە چاڵەکەوە دەکەوێت ، شاسواریش بە تەپاوتل دەکەوێت و ناتوانێ هەستێتەوە، سەربازەکان دەگەنەسەری و لولەی تفەنگەکانیان ئاراستەی دەکەن )) .

**—— بڕین ——**

**دیمەنی ( 81 )/شوێن : پەنادیواری مزگەوت**

**کات /8,1 ی بەیانی / دەرەوە**

(( ئایشێ لە پەنای دیواری مزگەوتەکەدایەو تەواو هەناسە بڕکێی پێ کەوتووە و پاڵیداوە بە دیواری مزگەوتەکەوە ، نائب زابتەکە لەسەر سووچی دیوارەکەوە دەردەکەوێت ، بە پێکەنینەوە بەرامبەری دەوەستێت ئایشێ بەبینینی دەقیژێنێ و ڕادەکات و نائب زابتیش بەدوایدا ڕادەکات )).

—— بڕین ——

**دیمەنی ( 82 )/ شوێن :بن دارەگەورەکە**

**کات /8,2 ی بەیانی / دەرەوە**

((گوڵەو ڕێباز بەرامبەر ئامری سەربازەکان وەستاون ، مناڵەکەش بەدەست گوڵەوەیە ، ئامری سەربازەکان قاچی ناوە بە برینەکەی خاڵی گوڵەدا وئەویش هاوار دەکات ، لەم کاتەدا ئەفسەرەکەو سەرۆکیجاشەکان شاسوارو چوار مناڵ وئامۆژنی وئەکرەمی مامی دەهێنن و لەبەر دەمی ئامردا ڕایاندەگرن )) .

ئامر : ها... وین اسلحتهم ؟؟

مستەشار : سیدی .. عثرنا علی هدا المسدس چان ذابیهه وراهم .

(( ئامر قاچ لەسەر قاچی خاڵی گوڵە لادەبات و دەچێتە لای موستەشارەکە دەمانچەکەی لێوەردەگرێ ویەخەی ئەکرەم دەگرێ ، خاڵی گوڵە چاوی بەدەمانچەکە دەکەوێت ، سەیرێکی شاسوار دەکات )) .

ئامر : ابن الچلاب ... تریدون تحریر الاکراد بهل المسدس ؟؟ مال من؟؟

—— بڕین ——

**دیمەنی ( 83 )/شوێن :ناو مزگەوتەکە**

**کات /8, 3 ی بەیانی / ژوورەوە**

(( ئایشێ قورئانێکی بەدەستەوەیەو لە ڕووی نائب زابتا رایگرتووە))

ئایشێ : توو ئەم قورئانە وازم لێبێنە !!

(( نائب زابت دوو هەنگاو دێتە پێشەوە ولەسەر چۆك دادەنیشێت ، بە لوولەی تفەنگەکەی دەکێشێ بە دەستیدا و قورئانەکە لە دەستی دەخاتە خوارەوەنائب زابت دەست بۆ سنگی خۆی دەبات ، ئایشێ کەمێك دەچێتە دواوە و جووت دەبێت بە سووچی دیوارەکەوە ، نائب زابتیش دەست دەبات بۆ سنگ وبەرۆکی وئایشێ بە هەردوو برگری لە خۆی دەکات وهاوار دەکاتو دەپاڕێتەوە ، نائب زابت کراسەکەی دەدڕێنێ)) .

—— بڕین ——

**دیمەنی ( 84 )/شوێن : ناوگوند**

**کات / 8,4 ی بەیانی / دەرەوە**

**(( سەربازە کوردەکە بەڕاکردن بە ناو کۆڵانەکانی گوندەکەدا دەڕوات و سەیری ناو خانووە ڕوخاوەکان دەکات )) .**

**—— بڕین ——**

**دیمەنی ( 85 ) /شوێن : ناو مزگەوتەکە**

**کات / 8,9ی بەیانی / ژوورەوە**

**(( ئایشێ نینۆکی پەنجەکانی دەستی لەڕوومەتی نائب زابتەکە گیرکردووەو چەند سانتیمەترێك برینداریکردووە ، نائب زابتەکەش لەتاو ئازاری روومەتی دەست دەداتە تفەنگەکەی و بەقۆناغەکەی دەکێشێ بەدەم وچاوی ئایشێ دا ، ئایشێ لە هۆش خۆی دەچێت و نائب زابتەکەش بەردەوام بەقۆناغە تفەنگ لەئایشێ دەدات تاکو دەمرێت ، نائب زابتەکەش دەست دەداتە ئاڵتوونەکانی دەستی ودەیەوێت دەریکات بەڵام بۆی دەرنایەت ، ناچار بە قۆناغە تفەنگەکەی دەستی دەشکێنێ و بە حەربەکەی لاقەدی دەستی لێدەکاتەوە**

و ئاڵتوونەکان دەردەکـات ، هەڵدەستێتە سەرپێ و کەمێك دوور دەکەوێتەوە و تەماشای ناو هۆڵەکە دەکات ودەست دەکات بە گیرفانیدا چەرخێك دەردەکات و فەرشەکان گرمۆڵە دەکات بەسەر یەکداو بە چەرخەکە ئاگریان تێبەر دەدات ولە هۆڵەکە دەچێتە دەرەوە)) .

—— بڕین ——

**دیمەنی ( 86 )/ شوێن :ناو کۆڵانی نزیك مزگەوتەکە**

**کات/ 8,10 ی بەیانی / دەرەوە**

(( سەربازە کوردەکە دەگاتە نزیك مزگەوتەکە چاوی بە دوکەڵ وئاگر دەکەوێت وزۆر نیگەران دەبێت ، نائب زابت لە دەرگای مزگەوتەکە دێتە دەرەوە و کۆمەڵێك ئاڵتوونی بە دەستەوەیەو رادەوەستێتو بەرامبەری مزگەوتەکە پێدەکەنێت، سەربازە کوردەکـە چـاوی بـەو دیمـەنـەی نـائب زابـت دەکـەوێـت بە تفەنگەکەی نیشانەی لێ دەگرێتەوە و فیشەکێك دەنێت بەسەریەوە ، نائب زابتەکە دەکەوێتە سەر زەوی ، لەم کاتەدا چوار سەرباز چاویان بە سەربازە کوردەکە دەکەوێت هاواری لێدەکەن ، سەربازە کوردەکە تەقەیان لێدەکات و دەچێتە پەنای دیوارەکە و بەردەوام بەرگری لەخۆی دەکات ).

.

—— بڕین ——

**دیمەنی ( 87 )/ شوێن :شاخێك**

**كات / 8,11ی بەیانی / دەرەوە**

**((غەریب هەڵەدنی و پێشمەرگەکانی بەردەوام بە خێرایی دێنە خوارەوە، یەکێك لە پێشمەرگەکان قاچی بە یەکدا دەئاڵێت و بە تەپاوتل دەکەوێت )) .**

**—— بڕین ——**

**دیمەنی ( 88 )/شوێن : پەنا دیواری مزگەوتەکە**

**كات/ 8,12 ی بەیانی / دەرەوە**

**(( سەربازە کوردەکە بەردەوام تەقەدەکات تاکو مەخزەنەکەی فیشەکی تیا نامێنێ ، دەست دەداتە مەخزەنەکەی کەبە تفەنگەکەیەوەیەتی دڵنیا دەبێت کە فیشەکی تیا نەماوە ، تفەنگەکەی فڕێ دەدات و ڕادەکات و سەربازەکانی تریش بە دوایدا ڕادەکەن و بەردەوام تەقەی لێدەکەن ، سەربازەکوردەکە لەچنارەکان نزیك دەبێتەوە بەڵام فیشەکێکی بەردەکەوێت ، دەکەوێتە سەرزەوی وهەڵدەستێتەوە و ڕادەکات وچەند فیشەکێکی تریشی بەر دەکەوێتو دەکەوێتە سەر زەوی ، سەربازەکانی تر دەگەنە سەری ، سەربازە کوردەکە بەسنگە خشکێ دەڕوات ، یەکێك لە سەربازەکان ڕیزێك فیشەکی تری پێوە دەنێت وگیانی لە دەست دەدات )) .**

**—— بڕین ——**

**دیمەنی ( 89 )/ شوێن :بن دارە گەورەکە**
**کات /8,20 ی بەیانی / دەرەوە**

(( ئامری سەربازگەکە بە جیهاز قسە دەکات و شاسوارو هەرسێ خێزانەکە دانیشتوون و سەربازەکانیش چوار دەوریان گرتوون ، ئامر دەڵێت )) .

**ئامر :** نعم سیدی ... القینا القبض علی کل المخربین و عوائلهم ... فی امان الله سیدی ...

(( لە کاتەدا چوار سەرباز تەرمی نائب زابتەکەیان هەڵگرتووە ودوو سەربازیش تەرمی سەربازە کوردەکە بەڕاکێشانەوە دێننە نزیک ئامرەکە )) .

لیش تجرون هذا الجندی ؟؟

**سەرباز :** سیدی .. هدا الحقیر کتل نائب زابت .. وسیطرنا علی المنطقة کله وما بقی احد .

**ئامر :** زین اخبروا مقر الفوج .. خلی یکتبون الرساله الی اهلهم .. ابنهم خائن و جبان وعوفوا جسته هنا ... یالله تحرکوا .

(( سەربازەکان بەشێوەیەکی درندانە شاسوار و هەموویان دەبەن ، بەڵام خاڵی گوڵە بە ڕاکێشان دەبەن )) .

**ـــــ بڕین ـــــ**

## دیمەنی ( 90 ) /شوێن : ناو ئیڤا
## کات / 9ی بەیانی / دەرەوە

(( شاسوار و هەموویان لەناو ئیڤاکەدان و دەگرین ، چوار منداڵەکەش لەباوەشی ئامۆژنیدایە ، گوڵە بەگریانەوە ڕوو لەباوکی دەکات ))

**گوڵە :** بابە دایکمت بۆ بەجێ هێشت تاکو ئاوای بەسەر بێت ؟؟!!

(( ئامۆژنی گوڵە ڕوو لە مامی گوڵە دەکات )) .

**ئامۆژنی گوڵە :** بۆچی ئاگات لەو کچە نەگبەتەم نەبوو ؟؟ چی بەسەرهات؟؟

(( هەموو ئیڤاکان بە دوای یەکتردا دەڕۆن ، ئوتومبیلی ئامرەکەش لەپێشیانەوە دەڕوات )) .

—— بڕین ——

## دیمەنی ( 91 )/ شوێن :سەربازگەی ئیستخبارات
## کات /1 ی نیوەڕۆ / ژوورەوە

(( شاسوار وئەکرەم ومامی گوڵە ورێباز لەچواردەوری خاڵی گوڵەن، ڕێباز بەسەرپۆشی ئامۆژنی گوڵە خەریکی پێچانەوەی برینەکەی قاچیەتی ، خاڵی گوڵەش لەبەر ئازار هاوار دەکات ، گوڵە وئامۆژنیشی دەگرین )) .

—— بڕین ——

## دیمەنی ( 92 )/شوێن :ناوچنارەکانی گوند
## کات /1,1 ی پاشنیوەڕۆ / دەرەوە

(( کچە منداڵەکە لەناو تووترکەکەدایە بەدەم گریانەوە سەری لەناو تووتڕکەکەدا دەرهێناوە و دەڕوانێتە ناو چنارەکان )) .

—— بڕین ——

## دیمەنی( 93 )/ شوێن :سەربازگەی ئیستخبارات
## کات/2 ی پاشنیوەڕۆ / ژوورەوە

(( شاسوارو هەموویان هەریەکە لە سووچێکی ژوورەکە بە ماتیی دانیشتون منداڵەکانیش لەتاو برسێتی وتینوێتیدا پاڵکەوتوون ، ڕێباز گوێبیستی دەنگێك دەبێت ، هەموویان ملیان قوت دەکەنەوە و ڕێباز هەڵدەستێ و دەچێتە لای دەرگاکەوە تاکو بزانێت چیە ، لادەکاتەوە بۆلای باوکی )) .

**ڕێباز:** بابە گوێت لەو هاتوو هاوارەیە !!؟؟

**شاسوار :** بەڵێ گوێم لێیە ... دیارە خەڵکێکی زۆرن !!

(( لەم کاتەدا دەرگای ژوورەکە دەکرێتەوەئەفسەرێك ودوو سەرباز دێنە ژوورەوە ، ئەفسەرەکە چاوی بە ڕێباز دەکەوێت کەبە پێوە وەستاوە ، بەکێبڵەکەی دەستی دەکەوێتە وێزەی ڕێباز .. دەست لە لێدانی ڕێباز هەڵدەگرێ و ڕوو دەکاتە هەموویان )) .

**ئەفسەر :** اللی مالابس لباس امراه و عنده رجوله .. یگوم یحچی .

(( ئەفسەر قسەکانی تەواو دەکات و دەچێتە لای شاسوارەوە و بە شەق دەکەوێتە لێدانی هەرچوار پیاوەکە ، هەڵیان دەستێنێ ودەیانباتە دەرەوەو دەرگاکە دادەخەنەوە ، گوڵە بە گریانەوە دەچێتەلای ڕێبازەوە کە هۆشی لای خۆی نیە ، سەری ڕێباز دەخاتە سەر ڕانی خۆی )) .

**گوڵە :** ئێوە بە هۆی ئێمەوە چیتان بەسەر هات !!!؟؟

——— بڕین ———

## دیمەنی ( 94 ) /شوێن :ناو ژوورێك لە ئیستخبارات
## كات/4 ی عەسر/ ژوورەوە

(( ئەفسەر لە دەرگای ژوورەکە دێتە ژوورەوە، خاڵی گوڵە لەسەر کورسیەك دانیشتووە ، ئەفسەریش کورسیەك دێنێ وبەرامبەری دادەنیشێت )) .

**ئەفسەر :** چم سلاح چان عندکم ؟؟

**خاڵی گوڵە:** ولا واحد منا چان عنده سلاح .

(( ئەفسەر بەتورەییەوە یەخەی دەگرێ ودەمانچەکەی لاقەدی دەردێنێ‌و ڕووی دەمانچەکەی تێدەکات )) .

**ئەفسەر :** لعد های مسدس مال من ؟؟

((خاڵی گوڵە دەمانچەکەی دەستی ئەفسەرەکە دەناسێتەوەو ئەو دیمەنەی دێتەوە بەرچاو کە شاسوار لە ژێرخانەکە لە ڕووی ئەم دا ڕایگرتبوو ، بەشڵەژاویەوە ڕوو لە ئەفسەر دەکات )) .

**خاڵی گوڵە :** احنی ثلاث عوائل جئنا من ایران ... بناء علی قرارالعفو من الرئیس رجعنا الی بلادنا .

((ئەفسەر بە قسەکانی زۆر نیگەران دەبێت ، دارەکە دەست دەچەقێنێتە برینەکەی و خوێنی لێدێت و هاوار دەکات)) .

—— بڕین ——

**دیمەنی ( 95 )/شوێن :ناو رەزێك**
**کات / 4,10 ی عەسر / دەرەوە**

((غەریب هەڵەدنی لەناو گژوگیادا خۆی حەشار داوە و وردە وردە بەسنگە خشکێ دەڕوات تاکو دەگاتە بن دارێك لەپڕا هەڵدەستێ و بە ڕاکردن دەڕوات بۆ لای هێسترەکە کە خەریکی ئالیك خواردنە ، غەریب ڕەشمەی هێسترەکە دەگرێ و بەدوای خۆیدا ڕایدەکێشێ بۆناو دارەکان، هەمووپێشمەرگەکانیش لەناو دارەکاندان ، هێرش دێتە لایەوە )) .
**هێرش** : ئەم هێستر زۆر ماندوو دیارە ئەگینا وا بە ئاسانی نەدەگیرا !!
**غەریب** :خوای گەورە دەرووی لێکردینەوە ، ئێوەش هەموو کۆڵە پشتەکانتان بێنن با لەم هێسترەی باربکەین و دواتر بەڕێ دەکەوین .

(( هەمووپێشمەرگەکان کۆڵە پشتەکانیان دادەنێن )) .

—— بڕین ——

## دیمەنی ( 96 )/ شوێن :سەربازگەی ئیستخبارات
## كات / 5 ی عەسر/ ژوورەوە

(( ئە فسەر لە دەرگای ژوورەكەی ئامر دێتە ژوورەوە و تەمەننایەك دەكات ، ئامریش جگەرە دەكێشێ )) .

ئەفسەر : سیدی دزیت علیە ؟؟
ئامری سەربازگە : ها .. شسویت ویاهم ؟؟
ئەفسەر : كلهم ینكرون .. لكن هذا اللی رجلە مجروح ، راح اخلی یعترف بالحقیقە .
ئامری سەربازگە : كلش زین .. شوفوا من هسە لاتنطوهم لااكل ولاشرب.
ئەفسەر : نعم سیدی !! .

(( ئەفسەر تەمەننایەك دەكات و دەچێتە دەرەوە )) .

—— بڕین ——

**دیمەنی ( 97 )/ شوێن :ژوورێك لە ئیستخبارات**
**كات / 5,30 ی عەسر/ژوورەوە**

(( شاسوار و ئەكرەم ومامی گوڵە هەریەكەیان لەسووچێكی ژوورەكە دانیشتوون ، شاسوار هەڵدەستێ و دەچێتە لای ئەكرەمەوە دادەنیشێت))

**شاسوار :** سەعات و نێویێكە ژنبراكەتیان بردووە هێشتا نەگەڕاوەتەوە ، كە ئێمەیان دەبرد ئەوەندەمان پێنەدەچوو دەگەڕاینەوە !!

**ئەكرەم :** ئەو ماڵوێران بووە ژن ومناڵیشی تیاچوو !! .

—— بڕین ——

**دیمەنی ( 98 )/ شوێن :ژووری ئەشكە نجەی سەربازگە**
**كات/6 ی ئێوارە/ ژوورەوە**

(( خاڵی گوڵە لە زەویەكەدا كەوتووە وخوێن لە قاچی دێت و لە هۆش خۆی چووە ، سەربازێك سەتڵێك ئاو دەكات بە سەروچاوی خاڵی گوڵەدا و دێتەوە هۆش خۆی ، ئەفسەرلە دەرگاكەوە دێتە ژوورەوە و دەست دەداتە هەردوو باڵی خاڵی گوڵە و لەسەر كورسیەك دایدەنێت و خۆیشی لەسەر كورسیەك بەرامبەری دادەنیشێت )) .

**ئەفسەر : مثل ما گلت .. انتو جايين من ايران حسن العفو اللی صدره السيد الرئيس ،انی راح اداويكم واتلق سراحكم ويه عوائلكم .**

**(( خاڵی گوڵە سەر دەلەقێنێ )).**

**(( سەرباز دێتە ژوورەوە وتەمەننايەك دەكات )) .**

**سەرباز: نعم سيدی .**

**ئەفسەر : هسە تودی هالرجل و توكلە اكل زين و خلی الطبيب يداوی جرحە ، ياللە عاونوە .**

**—— بڕين ——**

**ديمەنی ( 99 )/شوێن :ژووری ئەشكە نجە**

**كات / 6,30 ی ئێوارە / ژوورەوە**

**(( شاسوار لە دەرگای ژوورەكە بە دەستی دوو سەربازەوەيە ، دەيهێننە ژوورەوە ولەسەر كەرسيەك بەرامبەر ئەفسەر دايدەنيشێنن )) .**

**ئەفسەر : انت وابنك ليش من المجمع جيتوا هنا ؟؟**

**شاسوار : اجدادنا وابائنا صارلهم سنين عايشين هنا ... جيت ازور گبر ابويە .**

**ئەفسەر : خرە بگبر ابوك ... انا اسال ليش چنت تحفر بالبيت؟؟**

**شاسوار :** ابوكت اللى انتوا رحلتونا ، ما انطيطونا المجال حتى نجمع فلوسنا والذهب اللى عدنا .

**ئەفسەر :** احنا يوميه نچذب مثل هذه السوالف .. گلى الحقيقه.

**شاسوار :** انى گلتلكم الحقيقه .

**ئەفسەر :** كلش زين .. جنود ، يالله تعالوا ابدو وياه حتى يگول الحقيقه !

(( **چوار سەرباز دێنە ژوورەوە** )) .

**ــــــ بڕین ــــــ**

**دیمەنی ( 100 )/ شوێن :ژووریسجن لەسەربازگە**

**کات/6,31ی ئێوارە/ژوورەوە**

(( **خاڵی گوڵە لە سووچێکەی ژوورەکەدا قاچی ڕاکێشاوە وبرینەکەی تەداوی کراوە ، ئەکرەم ومامی گوڵەش بەرامبەری دانیشتوون ، ئەکرەم بە زەحمەت هەڵدەستێ و دەچێتەلایەوە**)) .

**ئەکرەم :** دەزانم دڵبریندارى .. منیش وەك تۆم ، ئەم زاڵمانە بێ مەلامەت تەداویان نەکردوویت ! ، ئێمە لە بەیانیەوە نانمان نەخواردووە ، تۆش بە ڕوخسارتا دیارە کەنانت نەخواردووە.

(( **خاڵی گوڵە سەر دادەخات و وەلامی ناداتەوە !!** )) .

**ــــــ بڕین ــــــ**

**دیمەنی ( 101 )/شوێن :ژووری ئەشکە نجە**
**کات / 6,35 ی ئێوارە / ژوورەوە**

(( شاسوار پاڵ خراوە و بەسێ سەرباز گرتوویانە ، سەربازێك قولاپێك دەکات بەقولە پێیدا و قولاپێکی تریش دەکات بە قولە پێیەکەی تریداو سەرەکەی تری هەردوو قولاپەکە حەبلیان پێوەیە ، شاسوار لەتاو ئازار هاوار دەکات ، سەربازەکە حەبلەکە لە قولاپی سەقفەکە گیر دەکات و شاسوار سەرەوخوار هەڵدەواسن ، ئەویش هەر هاوار دەکات )).

– بڕین —

**دیمەنی ( 102 )/شوێن : ناو چنارەکانی نزیك گوند**
**کات /7 ی ئێوارە / دەرەوە**

((مانگە شەوە .. مناڵە کچەکە هەر لە شوێنی خۆیدایە و دەگری ، گوێی لە دەنگی گورگ دەبێت ، دەست دەگرێ بەدەمیەوە تاکو دەنگی نەبیسترێ )) .

—— بڕین ——

**دیمەنی ( 103 )/ شوێن : ژووری سجن**

**کات /9 ی شەوە / ژوورەوە**

((ڕێباز لە سووچێکی ژوورەکە هێشتا هەر بێهۆشە و بەڵام لە نارەحەتیدایە بەدەم وچاویدا دیارە کە خەو دەبینێت ، دەستەکانیشی دەکەوێتە جووڵە و بەدەم هاوارکردنەوە بەئاگادێتەوە ، ئامۆژنی گوڵەو گوڵەش بە پرتاو دەچن بەلایەوە ، ڕێباز بە زەحمەت خۆی ڕاست دەکاتەوە و پاڵ دەدات بە دیوارەکەوە ، چاوێك بە ژوورەکەدا دەگێڕێت، بە زمانی لێوەکانی تەڕدەکا لەم کاتەدا دەرگای ژوورەکە دەکرێتەوە)).

—— بڕین ——

**دیمەنی ( 104 ) /شوێن : ژووری ئەشکە نجە**

**کات /9,2 ی شەو / ژوورەوە**

(( ئەفسەر لەسەر کورسی دانیشتووە و شاسوار لەسەر زەوی کەوتووە و بێهۆشە ، ڕێبازیش بەدەستی دوو سەربازەوەیە لە دەرگای ژوورەکەدا بەرامبەر ئەفسەر ڕایدەگرن )) .

**ئەفسەر : تعرف هدا الرجل ؟؟ ..**

(( ڕێباز بە ئیشارەتی دەستی ئەفسەرەکە لادەکاتەوە وچاوی بە باوکی دەکەوێت ، سەرسام دەبێت ، دەیەوێت لە دەستی دوو سەربازەکە خۆی ڕاپسکێنێ و بچێت بۆلای باوکی ،

ئەفسەر هەڵدەستێ و چەناگەی ڕێباز دەگرێ )) .

ئەفسەر : زین ، هلگد تحب ابوك ، ليش ماتگول الحقيقه ؟؟ حتى نطلق سراحكم !! .
ڕێباز : من عەرەبی نازانم !! .

—— بڕین ——

**دیمەنی ( 105 )/ شوێن :ژووری سجن**
**کات /10 ی شەو / ژوورەوە**

(( چوار سەرباز بە چواردەستە ڕێبازیان هەڵگرتووە و ڕێبازیش ئاگای لە خۆی نیە ، لە دەرگای ژوورەکە دێنە ژوورەوە ولەناوەراستی ژوورەکەدا دایدەنێن و دەڕۆنە دەرەوە و دەرگاکە بەدوای خۆیاندا دادەخەنەوە ، گوڵە و ئامۆژنی دەچنە لایەوە و بەسەر ڕێبازدا دەگرین)).
**گوڵە** : باشە .. تۆو باوکت چ تاوانێکتان هەبوو !!؟؟

—— بڕین ——

## دیمەنی (106 )/ شوێن :ژووری ئامری سەربازگە
## کات/ 9,5 ی شەو/ ژوورەوە

(( ئامری سەربازگە لەپشتی مێزەکەوە دانیشتووە و سەماعەی تەلەفونی بەگوێوەیە و قسە لەگەڵ عەلی حەسەن مەجید دەکات)) .

**ئامری سەربازگە :** نعم سیدی .. احنا فتشنا کل القری .. نعم حجاج علی علم بذالك . احنا هسه بانتظار اوامر سیادتکم .. نعم سیدی .. الله یخلینه سیاده علی حسن مجید ، الله ویاك سیدی .

(( ئەفسەر دێتە ژوورەوە و تەمەننایەك دەکات )) .

ردت ادز علیك .

**ئەفسەر :** خیرا !!؟؟

**ئامری سەربازگە :** ثنیناتنه راح ینطونة نوط شجاعه باچر بالظهر نطلع .. ها مو فرحان ؟؟ .

**ئەفسەر :** بیش ؟؟ .. ابن الچلاب ما اعترفوا بشی .

**ئامری سەربازگە :** احنه نطبق اوامر القیادة .

—— بڕین ——

**دیمەنی (107 ) /شوێن :گردێکی نزیك گوندەکە**

**کات/سەرلەبەیانی ڕۆژی داهاتوو/ دەرەوە**

(( **غەریب هەڵەدنی و هێرش پاڵکەوتوون ، غەریب بە دووربین تەماشای ناو گوندەکە دەکات ، دیارە کە هێشتا دووکەڵ لە مزگەوتەکە بەرز دەبێتەوە** )) .

**غەریب : دیارە ئەم گوندە شەڕی تیا ڕوویداوە** !!

**هێرش : باوەڕناکەم ...!! ئەوە هەرئیشی ئەو سەربازانەی سەرشاخەکەن.**

**غەریب : زۆرباشە .. تۆ برۆ بە هاوڕێیان بڵێ دوو دوو بەڵام بە وریایی دەچینە ناو گوند.**

**هێرش : بەسەر چاو .. بە پەنای درەختەکاندا دەڕۆین .**

(( **هێرش پاشەوپاش دەگەڕێتەوە دواوە** )) .

**—— بڕین ——**

**دیمەنی ( 108 )/ شوێن :ناو گۆڕەپانی سەربازگە**

**کات / 9 ی بەیانی /دەرەوە**

(( **پتر لە ( 500 ) کەس لە ژن وپیاوو مناڵ وکچ لە گۆڕەپانەکەدا بەڕیز و یەك لەدوای یەك دانیشتوون ، لە برساناو لە تینوێنێتی دا بە تەواوی برستیان لەبەر براوە ، لەم کاتەدا دەرگای ژوورێك دەکرێتەوە ، ڕێبازو گوڵەو ئامۆژنی وچوار**

**منداڵ ومناڵە ساواکەی بەباوەشەوەیە دێنە دەرەوە ، بەڵام بەشەکەتی ڕێدەکەن و چاویان بەو خەڵکە زۆرە دەکەوێت )) .**

**گوڵە : باوکت وباوکم وخاڵم ومامم چۆن لەناوئەو هەموو خەڵکەدا بدۆزینەوە !!؟؟**

**ڕێباز : تەنها چاویان بۆ بگێڕە !**

(( **بەدەم ڕێوە هەر چاو بە خەڵکەکەدا دەگێڕن** )) .

**بڕین**

**دیمەنی** ( 109 )/**شوێن :ناوچنارەکانی نزیك گوند**
**کات**/9,5 **یبەیانی /دەرەوە**

(( **غەریب هەڵەدنی و چەند پێشمەرگەیەك بە وریاییەوە بەناو چنارەکاندا دەڕۆن ، یەکێك لە پێشمەرگەکان کە لە پێشەوە دەڕوات چاوی بە مناڵە کچەکە دەکەوێت، کە ناوقەدی لەناو تووترکەکەدا دەرکەوتووە وسەری لە سەرزەویدایە و لەهۆش خۆی چووە ، پێشمەرگەکە بەپرتاو دەچێت بەلایەوە و هاوار دەکات** )) .

**پێشمەرگەی (1 ): کاك غەریب ئەو منالّە مردووە !!!**

**(( هەموو بە پرتاو دەگەنە سەر منالّەکە ، یەکێك لە پێشمەرگەکان دەست لە لاملی منالّەکە دەدات وبزەیەك دەیگریّ )) .**

**پێشمەرگەی (2 ): شوکور نەمردووە .. تۆزێك ئاو بێنن ، پێشمەرگەیەك زەمزەمیەکەی لاقەدی خۆی دەداتیّ ، ئاو دەکەن بە دەم وچاوی منالّەکەدا وهۆشی دێتەوە بەرخۆی غەریب بەسەرسامیەوە هەلّدەستیّ وچاوێك بەچواردەوری منالّەکەدا دەگێریّ چاوی بەگونیەیەك دەکەوێت کە تەپ وتۆزو گەلاّیەکی زۆری بەسەرەوەیە ، دەچێتەلای گونیەکە وگەلاّکانی لەسەر لادەبات وسەیری دەکات بەپەت گریّ دراوە .. گرێکە دەکاتەوە وسەیری ناو گونیەکە دەکات چاوی بە بەردەکە دەکەوێت ، لەم کاتەدا پێشمەرگەیەك بەڕاکردن دێت ولەبەردەمی کاك غەریب دەوەستێت )) .**

**پێشمەرگەی ( 3 ): کاك غەریب جەنازەیەك لەبن دارێك کەوتووە سەربازە ، بەلاّم جەنازەیەکی تر لەناو مزگەوتەکەدا سوتێنراوە وکەس لەبەر بۆنی خۆی بۆناگیرێت .**

**(( غەریب کە گوێی لە قسەکانی پێشمەرگەکە دەبێت ڕادەکات )) .**

**غەریب : وەرە بە دواما !!**

(( غەریب و چەند پێشمەرگەیەك دەڕۆن تاكو لە چنارەكان دێنە دەرەوە و دەگەنە بن دارە گەورەكە ، غەریب چاوی بەسەربازە كوردەكە دەكەوێت و لێی دەچێتە پێشەوە ن بەڵام سەربازە كوردەكە بە دەما كەوتووە وغەریب تلێكی پێدەدات و دەم وچاوی دەردەكەوێت كە هەمووی رووشاوە وسەرسنگیشی جێگەی گوللەی زۆری پێوە دیارە وسنگی هەڵتەكیوە ، غەریب دەست دەبات بۆ گیرفانەكانی بۆ پێناسەكەی دەگەڕێت بەڵام هیچی پێنابێت ، هەڵدەستێ )) .

ئەم سەربازە لەوەدەچێت رەمی كرابێت ... دەی بەهەرحاڵ لەو خوارەوە بەڵام بەوریاییەوە گۆڕێكی بۆ هەڵكەنن .

(( **لەم كاتەدا هێرش بە ڕاكردن دەگات لای غەریب** )) .

**هێرش** : كاك غەریب .. منالێك لەناو باخی چوالە بادەمەكەدایە مردووە ، بەڵام جێی هاوەن دیارە لە نزیكیەوە !!

**غەریب : گۆڕەكە بوو بە دوان !!!**

**—— بڕین ——**

**دیمەنی (110)/ شوێن :گۆڕەپانی سەربازگە**
**کات /9,15ی بەیانی / دەرەوە**

(( چەند سەربازێك جەنازەکانی ناو قاعەکان بەڕاکێشان دێننە دەرەوە، لە بەرچاوی کەس وکاریان لەنزیك تەلبەندی سەربازگەکە لەسەر یەك دایاندەنێن ، یەکێك لە خەڵکەکە بە نیگەرانیەوە دەڵێت )).

**کەسی ژن :** ئەوەندە گریاوین سۆمایی چاومان داهات .. برسی و تینوشین ناتوانین هیچ بکەین .

(( **لەولاوە گوڵە لەگەڵ ڕێبازدا قسە دەکات** )) .

**گوڵە :** ئەگەر باوکت وباوکم وخاڵم ومامم شتێکیان بەسەر بهاتایە وەکو ئەوانە دەیانهێنانە ئێرە !!

(( لەم کاتەدا چەند سەربازێك گونیە سەموونیان بە کۆڵەوەیە ودێنە بەردەمی خەڵکەکە و گونیەکان دادەنێن ، ئەفسەر دێتە ناو گۆڕەپانەکە بەرامبەری خەڵکەکە دەوەستێت ، سەربازەکان سەیری ئەفسەرەکە دەکەن ، ئەفسەریش ئیشارەت دەکات کە سەموونەکە دابەش بکەن بەسەریاندا ، سەربازەکانیش دەست دەکەن بە گونیەکاندا و سەموونەکان هەڵدەدەن بەسەر خەڵکەکەدا ، خەڵکەکەش وەك گۆڵچی سەموون دەگرنەوە ، کۆمەڵێك منداڵ بۆسەموونێك خۆیان بەرز دەکەنەوە سەریان بەر دەموچاوی یەکتر دەکەوێت و دەم وپلی یەکتر خوێناوی دەکەن

، یەکێك لە منداڵەکان سەموونەکە دەگرێتەوەو دەچێتە شوێنی خۆی دادەنیشێت و بە خۆشحاڵیەوە سەیری منداڵەکانی تر دەکات ، کە دەم وپلیان خوێناویە ، ئەم منداڵەش دەیەوێت سەموونەکە بخوات کەسەیری سەموونەکە دەکات تۆزێك خوێناویە ، گوڵەش دووسەموونی پێیە یەکێکیان دەدات بە ڕێباز ، ڕێبازیش وەریدەگرێ و دەیەوێت گازی لێبگرێ چاوی بە ئەکرەم ومامی وخاڵی گوڵە دەکەوێت پەشیمان دەبێتەوەو سەموونەکە ناخوات )) .

ڕێباز: گوڵە .. تەماشاکە ، ئەوە باوکت وخاڵت و مامت .

(( هەردووکیان هەڵدەستن ، یەکێك لە سەربازەکان بە راکردن دێتە لای گوڵەو ڕێباز ، سەرو زللەیان تێدەسرەوێنێ و لە شوێنی خۆیان دایاندەنیشێنێتەوە)).

—— بڕین ——

**دیمەنی ( 111 )/شوێن: ناوچنارەکانی نزیك گوند**
**کات /10 ی بەیانی / دەرەوە**

(( کچە منداڵەکە دانیشتووە پارچە نانێکی بەدەستەوەیە لەگەڵ معەلەبات دەخوات ، غەریب هەڵەدنی کەتۆزێك لێیەوە دوورە تەماشای دەکات و بزەیەکی بۆ دەکات ، لەم کاتەدا هێرش دێت بۆلای غەریب کە هەموو گیانی تەپ وتۆزەو سەرو گوێلاکیشی بە گەلا داپۆشراوە )) .

**غەریب :** ها چیتان کرد !!؟؟

**هێرش :** کاك غەریب ئەوانمان بەخاك سپارد !!

**غەریب :** باشە .. خێرتان بنووسێ ، پاش کەمێکی تر بەرێدەکەوین ، ئەو منداڵەش سەروگوێلاکی بەگەڵا داپۆشن تاکو دوژمن نەمانبینێ .

(( منداڵەکە کە گوێی لە قسەکانی غەریب دەبێت نانەکەی لەدەمدایەو دەست دەکات بە گریان )) .

—— بڕین ——

**دیمەنی ( 112 )/ شوێن :گۆڕەپانی سەربازگە/ کات/ 11 ی بەیانی / دەرەوە**

(( هەموو خەڵکەکە بەردەوام لەبەر خۆرەکەدان ، ڕێبازو گوڵەو ئامۆژنی بەردەوام چاویان لەسەر ئەکرەم وخاڵی ومامیەتی ، مامی بە کزی یەوە
دانیشتووە ، پیاوێك لای ڕێبازەوە قسە بۆ براکەی دەکات)) .

**پیاوێك :** برا ، تەماشاکە .. لەخوارەوە چۆن مردووەکانمان لەسەر یەك فڕێ دەدەن و تەپۆڵکەیان لێدروست کردوون !! .

(( شۆڤڵێك خۆڵ دەكات بەسەر مردووەكاندا ، چەند جارێك ئەم كارە دووبارە دەكاتەوە تاكو دەبێتە تەپۆڵكەیەكی بچووك ، ڕێباز وەڵامی پیاوە پیرەكە دەداتەوە )) .

ڕێباز : لەبیرمە كە لە قوتابخانە مامۆستا لە وانەی مێژوودا دەیووت : لە جەنگی جیهانیی دووەم دا هێتلەر جوولەكەكانی دەكرد بە قیمەو دواتر سابوونی لێدروست دەكردن .

گوڵە : ڕێباز تەماشاكە !!
ڕێباز : چی یە !؟
گوڵە : باوكت .. ئەوەتا هێنایان .

(( دووسەرباز شاسواریان هەڵگرتووە وبەرەو ڕووی خەڵكەكە دەیهێنن، سەربازەكان تەماشای ئەفسەرەكە دەكەن كەلە دوایانەوەیە ، ئەویش بە دەستی ئیشارەتیان بۆ دەكات كەلای ڕێبازی كوڕیەوە داینێن ، ئەوانیش لای ڕێبازەوە دایدەنێن ، ڕێبازیش كە باوكی بەو شێوەیە دەبینێ ، چاوەكانی پڕدەبن لە فرمێسك و بەگریانەوە باوەشی پیا دەكات ) .

بڕین

## دیمەنی (113 )/شوێن: بن گردێك
## کات /1 ی پاشنیوەڕۆ /ەرەوە

(( منداڵە کچەکە لەسەر بەردێك لەلای هێرشەوە دانیشتووە و بـەردەوام دەگـری ، هێرش بە گەڵاکانی سەری دەم وچاوی دادەپۆشێ و دەیـەوێـت یاری لەگەڵ بکات و ژێری بکاتەوە دەمی گـەورە دەکـات و زمانی دەردێـنـێ ، ناچار دەکەوێتە قسە لە گەڵیا )) .

**هێرش :** چیت دەوێ بۆت بکەم بە قوربان !!؟؟
**منداڵ :** من دەچم بۆلای دایکم وباوکم و براکەم !!!

(( هێرش بەو قسەیەی زۆر نیگەران دەبێت و هەڵدەستێ و دەچێتە لای کاك غەریب )) .

**غەریب :** ها.. ئەم ووت ناتوانی خواستەکانی بەدی بێنی و ژێری بکەیتەوە !!
**هێرش :** چارمان چیە دەبێت کارێکی بۆ بدۆزینەوە !!
**غەریب :** تـا نەگەینە شوێـنـی خـۆمـان ، نـاتـوانین جیهاز بکەینەوە!!

بڕین

**دیمەنی (114 )/شوێن :گۆرەپانی سەربزگە**
**کات/ 1,1 ی پاشنیوەڕۆ / دەرەوە**

(( خاڵی گوڵە سەیری شاسوار دەکات و تەواو نیگەرانەو پەشیمانی دەردەبڕێ و لەبەر خۆیەوە دەڵێت )) .

**خاڵی گوڵە :** چەند شەرمەزارم .. چیم بەسەر ئەو پیاوە چاکە هێنا !؟ لەبەر درۆیەك کەهیوای بەمن بەخشی ، بەلاّم نامەوێت بمبووریت شاسوار .

(( سەیری ئەفسەرەکە دەکات وهەڵدەستێ و بەشەلەشەل لەناو خەڵکەکەوە دێتە دەرەوە و دەڕوات ، ئەکرەم ومامی گوڵە سەیری دەکەن ، کەمێك دەڕوات سەربازێك دەچێتەلایەوە ودەیەوێت لێی بدات بەلاّم ئەفسەرەکە هاوار دەکات)).

**ئەفسەر :** عوفە خلی یروح ....

(( خاڵی گوڵە بەردەوام دەبێت لە ڕۆشتن تاکو دەگاتە ئاستی شاسوار ، بۆچرکەیەك دەوەستێت ولەبەر خۆیەوە دەڵێت )) .

**خاڵی گوڵە :** بمانبووره ... ئێمە بووینە مایەی ئەم نەگبەتی ونەهامەتیەی کە بەسەر تۆش و خۆشماندا هاتووە !!!

(( خاڵی گوڵە دەست دەکاتەوە بە ڕۆشتن تاکو نزیکی تەپۆڵکە تەرمەکان دەبێتەوە ، ئەفسەرەکە سەرسام دەبێت ، خێرا دەست دەداتە تفەنگی سەربازی تەنیشتی و نیشانەی لێدەگرێتەوە و فیشەکێکی پێوە دەنێت، خاڵی گوڵە بۆ چرکەیەك دەکەوێت و هەڵدەستێتەوە، بەدەم ئازارەوە بەردەوام دەبێت لە ڕۆشتن تاکو لە تەلبەندە درکاویەکە نزیك دەبێتەوە، ئەفسەر بۆجاری دووەم گوللەیەکی تری پێوە دەنێت ، خاڵی گوڵە دەکەوێت و بەسنگەخشکێ دەڕوات دەست دەبات بۆ تەلە درکاویەکە و خۆی بەرز دەکاتەوە ودەیەوێت بەسەرتەلە درکاویەکەدا سەرکەوێت ، ئەفسەرەکە بۆجاری سێیەم گوللەیەکی تری پێوە دەنێت و دەکەوێتە ئەو دیوی تەلبەندەکە ، ئەفسەر بەخێرایی ڕادەکات و دەگاتە بەر تەلبەندەکە، کەسەیری دەکات هەر دەیەوێت بەسنگەخشکێ بڕوات یەك گوللەی تر دەنێت بە تەوقی سەریەوە و گیانی لە دەست دەدات، ئەفسەر دەگەڕێتەوە لای خەڵکەکەو بەتوڕەییەوە دەڵێت )) .

ئەفسەر: منو بعد يريد مصيره مصير هذا البطل ، حتى ادزه للجهنم .

(( خەڵکەکە هیچ وەڵام نادەنەوە )) .

—— بڕین ——

## دیمەنی ( 115 )/ شوێن :ناو دۆڵێك
## کات / 2 ی پاشنیوەڕۆ / دەرەوە

(( منداڵە کچەکە بە کۆڵی هێرشەوەیەو خەوی لێکەوتووە، هەموو پێشمەرگەکان یەك لە دوای یەك بە توولە ڕێ یەکدا دەڕۆن ، ڕەشمەی هێسترەکەش بە دەستی غەریب هەڵەدنیەوەیە )) .

—— بڕین ——

## دیمەنی( 116 )/شوێن :گۆڕەپانی ناو سەربازگە
## کات/2,10 یدوانیوەڕۆ/دەرەوە

(( پتر لە ( 20 ) پاص بەریزوەستاون ، نیوەی خەڵکەکە سوارکراون، ڕێباز باوکی بەکۆڵەوەیە و لە ریزەکەدا وەستاوە ، خەڵکەکەش بەردەوام سوار دەبن تاکو سەرەی ڕێباز دێت ، لەبەر دەرگای پاصەکەدا ئەفسەرەکە ڕێ لە ڕێباز دەگرێت و نایەلێت سواری پاصەکە ببێت )) .

ئەفسەر : یالله اصعدوا واحد واحد ...انت نزل ابوك خلی هو یصعد بنفسە .
شاسوار : کورم تۆ تێناگەی لە قسەکان دامگرە ، با ئەم ناپیاوانە زیانت پێنەگەیەنن .
ڕێباز : بابە گیان .. ئاخر شەرم دەکەم داتگرم لەکۆڵم !!

(( شاسوار لە کۆڵی ڕێبازدا خۆی جیردەکاتەوە تاکو دادەبەزێ ، ناچار بەگاگۆڵکێ سەردەکەوێت ، ڕێباز بەو دیمەنەی باوکی چاوەکانی پڕدەبن لەفرمێسك )) .

—— بڕین ——

**دیمەنی ( 117 )/شوێن :راستەجادەیەك**
**کات/ 3 ی پاشنیوەڕۆ/ دەرەوە**

(( هەمووپاصەکان بەدوای یەکدا دەڕۆن ، ئوتومبیلی ئەفسەرەکەش لە پێشەوەیە و ئیڤاکەش کۆمەڵێك سەربازی بە سەرەوەیە )) .

—— بڕین ——

**دیمەنی( 118 )/ شوێن :ناو یەکێك لە پاصەکان**
**کات/3,30 ی پاشنیوەڕۆ/دەرەوە**

(( 44 کەس لەناو پاصەکەدان هەموویان لەبرساناو لەتینوێتی دا لێوەکانیان سپی بووە ، ڕێباز لەتەنیشتی باوکیەوە دانیشتووە و باوکیشی هەردوو قاچی لە باوەشی ڕێباز دایە ، ڕێبازیش دەستی باوکی گرتووە و فرمێسك

بەچاوەکانیدا دێتە خوارەوە )) .

**ڕێباز :** باشە ، بابە گیان ئێمە چ تاوانێکمان کردبوو وا ئاوایان لەتۆو ئەو خەڵکە کرد !!؟؟

**شاسوار :** ئەم کارەیان کارێکی تازە نیە کوڕەکەم !! لە زەمانی مەلیکەوە کورد ئاوا ماڵ وێران ودەربەدەرە و تائێستا هەر دەکوژرێ وئاوارە دەکرێ .

**ڕێباز :** هەر لەبەر ئەوەی کورد نەبێتە خاوەن دەوڵەت !! .

—— بڕین ——

**دیمەنی** ( 119 )/**شوێن :شەقامی نزیک دووز**
**کات**/5 **ی عەسر**/ **دەرەوە**

(( کاروانی پاصەکان و سەربازەکان بەردەوامن لە ڕۆشتن )) .

—— بڕین ——

**دیمەنی ( 120 )/شوێن :ناو دۆڵێك**
**کات / 5,1 ی عەسر / دەرەوە**

((پێشمەرگەکان بەردەوامن لە ڕۆشتن ، منداڵە کچەکەش لە سەر هێسترەکە دەستی بەچاویەوە گرتووە و دەگری ، ڕەشمەی هێسترەکەش بەدەستی غەریب هەڵەدنیەوەیە ، غەریب لادەکاتەوە بۆلای منداڵەکە سەرێك بادەدات و بە نیگەرانیەوە ڕوو دەکاتەوە پێشەوە وملی ڕێ دەگرێ )) .

**—— بڕین ——**

**دیمەنی ( 121 )/ شوێن :ناو سەربازگەیەك لە دووز**
**کات/ 6 ی ئێوارە / دەرەوە**

(( کاروانی پاصەکان وئیڤاکە لە دەرگای سەربازگەکەوە دێنە ژوورەوە، دواپاص کە ڕێباز وباوکی تێدایە هەموو پێمەوە سەیری ناو سەربازگەکە دەکەن ، بەلام ڕێباز بەسەرسوڕمانەوە تەماشا دەکات )) .

**ڕێباز :** بابە تەماشای دەرەوە کە هەر دەڵێی ڕۆژی قیامەتە !!

(( سەربازی ناو پاصەکە ڕوو دەکاتە خەڵکی ناو پاصەکە )) .

سەرباز : یالله یا ولد الچلاب انزلو .

(( ڕێباز هەڵدەستێ تەماشای دەرەوە دەکات ، دەبینێ پتر لە ( 500) کەس لە ژن ومناڵ و پیاو بە جیاجیا دانیشتوون ، ڕێباز باوکی بەکۆڵەوەیەو لەپلەکانی پاصەکە دێتە خوارەوە ، ئەفسەریش بەرامبەری خەڵکەکە وەستاوە ڕووی لە ڕێباز و ئەوانی ترە و مکەبەرەیەکی بەدەستەوەیە و هاوار دەکات ))

ئەفسەر : یالله ابن الچلاب .. نسوان والاطفال بصفحە و الرجال بصفحە.

((خەڵکەکە زۆر بە بێتاقەتیەوە ڕێدەکەن تاکو دەگەنە ئەوانی ترو تێکەڵیان دەبن )) .

—— بڕین ——

دیمەنی ( 122 )/شوێن :بەردەم ئەشکەوتێك / دوورۆژی داهاتووە و کات / 10 ی بەیانیە / دەرەوە

(( غەریب هەڵەدنی خەریکی جیهازی ڕاکاڵە و سەماعەکەی بە گوێوەیەو بەجفرە قسە دەکات ، لە قسەکانی دەبێتەوە و هێرش دێتەلای ، غەریب دادەنیشێت )) .

**هێرش :** چیە وەڵامیان نەدایەوە !!؟؟

**غەریب :** نازانم چیە ؟ دووڕۆژە بەردەوام جیهازم کردووەتەوە ؟

**هێرش :** پێشنیارێکم هەیە !!

**غەریب :** پێشنیاری چی ؟ فەرموو بیڵێ !!

**هێرش :** لەوەدەچێ لە ئاستی هێلەکانی جیهازەکانی سەرکردایەتی دا نەبین !

**غەریب :** زۆرباشە .. بەیانی چەند کیلۆمەترێ دەڕۆین ، ئەوەش تاقیدەکەینەوە .

((منداڵە کچەکە بە دەم گریانەوە دێتە بەر دەروازەی ئەشکەوتەکە ، غەریب و هێرش سەیری دەکەن ، غەریب سەرێك بادەدات )) .

—— بڕین ——

**دیمەنی ( 123 ) /شوێن :ناو هۆڵێکی گەورە**

**کات / 12 ی نیوەڕۆ / ژوورەوە**

(( هەموو ژن ومنداڵەکان هاوار دەکەن و دەگرین و لە جەنازەیەك کۆبوونەتەوە ، گوڵە منداڵەکەی مامی لەباوەشدایە و دەگری بەسەریا، منداڵەکە دادەنێت و هەڵدەستێ دەچێتەلای دەرگاکەوە و بەگریان دەکێشێ بە دەرگاکەدا و هاوار دەکات و

بەردەوام لە دەرگاکە دەدات تا ماندوودەبێ))

**گوڵە :**توخوا .. ئەو دەرگایەمان لێ بکەنەوە ، خۆ ئێوە ئیسلامن و خوادەپەرستن .

**ـــــ بڕین ـــــ**

**دیمەنی (124 )/شوێن :ژووری ئەفسەر**

**کات / 12,1 ی نیوەڕۆ / ژوورەوە**

(( ئەفسەر دانیشتووە و نان دەخوات ، دووژن لەبەر مێزەکەیدان، یەکیکیان پەرداخێك ئاوی بۆ پڕ دەکات ، لەم کاتەدا نائب زابت دێتەژوورەوە و تەمەننایەك دەکات )).

**ئەفسەر :** ها سلام شکو ؟؟

**نائب زابت :** سیدی .. تعرف صارلهم یومین ما ماکلین شی ، القاعات الاربعه کلهم ملیان صراخ و فوضی ... ومات منهم هوایه .

**ئەفسەر :**وها اللی چنه نریده .. احنه سدینا علیهم البیبان حتی یموتون موت جماعی روح مر علیهم شوف چم واحد منهم مات !!؟

(( نائب زابت تەمەننایەك دەکات و دەچێتە دەرەوە ، ئەفسەر بەبزەیەکەوە سەیری دوو ژنەکە دەکات ، دەست درێژدەکات

بۆ سمتی یەکێك لە ژنەکان ، ژنەکەش بەو کارە زۆر نیگەران دەبێت وپەرداخە ئاوەکەی سەرمێزەکە دەکات بە دەم وچاوی ئەفسەرەکەدا ، ئەفسەریش تەواو تورە دەبێت ، هەڵدەستێ دەست دەخاتە بینەقاقای ژنەکەو بەقژ دەیبات تاکو دەینێت بە دیوارەکەوە ،دەمی لە دەم وچاوی ژنەکە نزیك دەکاتەوە تا ماچی بکات ، ژنەکەش بەرگری لەخۆی دەکات وبەدەستێکی دەستی ئەفسەر دەگرێ وبە دەستەکەی تریشی دەم وڕوومەتی ئەفسەر دەگرێ ، ئەفسەرەکەش زیاتر خۆی جیڕدەکاتەوە بەڵام ژنەکە لاڕوومەتی بە نینۆك دەڕوشێنێ ، ئەفسەر دەست دەداتە دەمانچەکەی لاقەدی و بەکلکەکەی دەکەوێتە پیاکێشانی سەرو چاوی تاکو هەموو سەرو گوێلاکی دەکات بە خوێن و دەیکوژێت )) .

—— بڕین ——

### دیمەنی ( 125 )/ شوێن :ناو گۆڕەپانی سەربازگە
### کات/ 1 ی پاشنیوەڕۆ/ دەرەوە

(( زیاتر لە هەزار کەس لە ژن وپیاو بەجیاجیا و بەڕیز دانیشتوون چوار دەوری خەڵکەکەش بەسەرباز تەنراوەبۆ چاودێری کردنیان ، ئەفسەر دێت کەلاڕوومەتی لەزگەی پێوەیە لە ڕووی هەموو خەڵکەکە دەوەستێت ، خەیارێکی بەدەستەوەیە و قەپێکی لێدەگرێ ، کۆمەڵێك مناڵ لە پێشەوەن هەموویان سەیری دەمی ئەفسەرەکە دەکەن و دەمیان ئاوی

**کردووە ، نائب زابت لە دەرگای یەکێك لە هۆڵەکان دێتە دەرەوە و لە بەردەمی ئەفسەر تەمەننایەك دەکات )) .**

**نائب زابت : سیدی .. مجموع المیتین بالقاعات الاربعە ( 60 ) واحد .**
**ئەفسەر : کلش زێن .. بعد ما اروح ، قوم بالتعداد وکل واحد منهم انتوهم صمون و شویە مای .**

**(( نائب زابت تەمەننایەك دەکات و بەڕاکردن دەڕوات ، یە کێك لە منداڵەکان دەڵێت )) .**

**منداڵ : توخوا ئەو خەیارەم بدەرێ !!**

**(( ئەفسەرەکە گوێی لە قسەی منداڵەکە دەبێت و بەئیشارەتی دەستی منداڵەکەدا تێدەگات ، خەیارەکەی دەستی فرێ دەدات بۆ دوو هەنگاو پێش خۆی ، منداڵەکان دەستبەجێ رادەکەن بەرەو خەیارەکە ، یەکێك لە منداڵەکان پێش ئەوەی بگات دەکەوێت و ناچار بەسنگەخشکێ دەڕوات و خەریکە دەستی دەگاتە خەیارەکە ، ئەفسەرەکە دەگاتەلای خەیارەکەوبە پۆستاڵەکانی خەیارەکە پان دەکاتەوە ولەگەڵ خۆڵ وزیخ دا تێکەڵی دەکات ،ئەوسا قاچی لادەبات، منداڵەکە سەرەرای ئەوەش دەست دەبات پارچەیەکی بچووك هەڵدەگرێتەوەو**

دەیخاتە دەمیەوە ، مناڵەکانی تر بە هەناسەبرکێ دەگەنەلای منداڵەکە وسەیری دەمی دەکەن کەچۆن خەیاری قوراوی تێکەڵ لە وردە زیخ دەخوات ، ئەفسەر لادەکاتەوەو دەڕوات ، یەکێك لە منداڵەکان زۆر نیگەران دەبێت بەو دیمەنە ، هێشتا ئەفسەر چەند هەنگاوێك دوور نەکەوتبووەوە ، ئەم منداڵە بەخێرایی دەڕوات تاکو نزیك دەبێتەوە لە ئەفسەرەکە لە پڕ شەقێك بۆ ئەفسەر دادێنێتەوە بەر سمتی ئەفسەر دەکەوێت، ئەفسەر لادەکاتـەوە دەبینێ منداڵێك کەوتووە ، تـەواو تـورە دەبێت ، دەست دەداتە یەخەی منداڵەکە وبەرزی دەکاتەوە و دەم و چاوی لە ئاستی دەم وچاوی خۆی ڕادەگرێ و دەست دەداتە دەمانچەکەی لاقەدی وتەماشای هەموو خەڵکەکە دەکات ، لوولەی دەمانچەکەی لەسەرسەری منداڵەکە ڕادەگرێ و یەك فیشەك دەنێت بە سەری منداڵەکەوە)).

——— بڕین ———

**دیمەنی( 126 )/شوێن :گۆرستانی شارۆچکەی دووز**
**کات/3,30 پاشنیوەرۆ/دەرەوە**

(( چەند گۆڕێکی بچووك هەڵکەنراون، کۆمەڵێك ژنیش منداڵیان لە باوەشدایە لەولاشەوە گوڵەو سێ ژنی تر خەریکن گۆڕێکی تر هەڵدەکەنن ، گوڵە بەدەم گریانەوە کارەکەی دەکات وبە چواردەوریاندا سەرباز وەستاون بۆچاودێری)).

——— بڕین ———

**دیمەنی ( 127 )/ شوێن :ژووری ئەفسەر**
**کات/ 3,35 ی پاشنیوەڕۆ/ ژوورەوە**

(( ئەفسەر لە حاڵەتی وریاییدایە وقیت وەستاوەو ملی لارکردوەتەوەو ڕوومەتەکەی کە لەزگەی پێوەیە دیارە ، عەلی حەسەن مەجیدیش بەرامبەری وەستاوە ، پاسەوانی عەلی سینیەکی بچووکی بەسەر دەستەوەیە کەچوار خەڵاتی لەسەرە ، عەلی دانە دانە دەیکات بە یەخەی ئەفسەرەکەوە ، دوو دانەش دەکات بەبەرسنگیەوە )) .

عەلی حەسەن مەجید: مبروك على هذا النشاط .. واريدك تكون بطل لقادسيه صدام .

—— بڕین ——

**دیمەنی ( 128 )/شوێن :گۆڕستانی دووز**
**کات /4 ی عەسر / دەرەوە**

(( گوڵە لەناو گۆڕەکەدایە و دوامناڵ وەردەگرێ و دەیخات ناو گۆڕیچەکەوە بە دووسێ پانە بەرد گۆڕیچەکە دادەپۆشێ و اەناو گۆڕەکە دێتە دەرەوە ، ژنەکانی تر بەخاکەناس خۆڵەکە دەکەنەوە ناو گۆڕەکەوەوپڕی دەکەنەوە))

—— بڕین ——

**دیمەنی ( 129 )/ شوێن :ناو دارستان**
**کات / 4,1 ی عەسر / دەرەوە**

(( غەریب و هێرش بەڕێگادا دەڕۆن ، هێرش جیهازەکەی بە کۆڵەوەیە و
بەردەوامن لە ڕۆشتن ، دەگەنە چەمێکی بچووك و دەپەڕنەوەئەوبەر)) .

**ـــــ بڕین ـــــ**

**دیمەنی ( 130 )/شوێن :شەقامێکی نێوان بەغداوکوت**
**کات/7,5 ی شەو/دەرەوە**

(( پاصێکی زۆرو لۆریەکی زۆر بەدوای یەکتردا دەڕۆن ، ئیڤاکانیش لەنێوان لۆری وپاصەکاندان و ئوتومبێلی ئەفسەریش لە پێشیانەوەیە)).

**ـــــ بڕین ـــــ**

## دیمەنی ( 131 )/شوێن : ناو یەکێ لە لۆریەکان
## کات/8 ی شەو / دەرەوە

((کۆمەڵێك پیاوی هەرزەکار لە ناو لۆریەکەدان ، ڕێباز لەپشتی لۆریەکەدایە باوکی کردووەتە باوەشی و قاچەکانیشی لە باوەشی ئەکرەم دایە ، ئەوانەی ناو لۆریەکە لەتاو برسیەتی و تینوێتی هەموویان ڕەنگیان پەڕیوە )) .

—— بڕین ——

## دیمەنی ( 132 )/شوێن :قەدپاڵێك لەو بەری چەمەکە
## کات/ 8,1 ی شەوە/ دەرەوە

(( غەریب وهێرش دانیشتوون و جیهازەکەیان کردووەتەوە ، غەریب بەردەوام ڕەمزی جیهازەکە دەڵێت و سەیری هێرش دەکات و سەری بادەدات و سەماعەکە دادەنێت )) .

—— بڕین ——

## دیمەنی ( 133 )/شوێن :شەقامێك
## كات / 12 ی شەو / دەرەوە

((لۆریەکەو پاصەکەو ئوتومبیلی ئەفسەر بەردەوامن لەڕۆشتن ، گوڵە لەیەکێك لە پاصەکاندایە لەچکێکی بەستووە بە سەریەوە و وادەردەکەوێت کە خەوی لێکەوتووە ، بەڵام بە تاسەیەکی پاصەکە بەئاگادێتەوە ، سەیری دەرەوە دەکات تەنها تاریکایی بەدی دەکات)).
**گوڵە :** ئەمانە بەرەو کوێمان دەبەن !!؟؟

—— بڕین ——

## دیمەنی ( 134 )/شوێن :بەردەرگای نوگرەسەلمان
## كات/ ڕۆژی داهاتوو سەر لەبەیانیە / دەرەوە .

(( هەموو خەڵکەکە لە ناو پاص و لۆریەکە دابەزیون ، تەنها یەك لۆری ماوە کە ئەویش ڕێبازی تێدایەو خەریکە دادەبەزێ و باوکی لە کۆڵدایە و دێتە ژوورەوە ، ئەفسەریش لەناوەڕاستی حەوشەکەدا وەستاوە وچاوی بە ڕێباز دەکەوێت ، تورە دەبێت و ڕێی پێدەگرێت)) .

**ئەفسەر : ها .. ترید تخالف اوامر !؟**
**ئەكرەم : سیدی سوی حسنه .. حظرتك تعرف هذا الرجل ما یگدر یمشی .**
**ئەفسەر : احنه نرید المعافین یمشون متل القرود والحیوانات .. یالله نزل ابوك .**

**(( ڕێباز لە وتەكانی ئەفسەر تێدەگات )) .**

**ڕێباز : ئێمەی كورد هەموو مرۆڤێكمان خۆش دەوێت ، بەڵام ئێوەلە مانای خۆشەویستی تێناگەن ، ئێوە وەك هێتلەر وان بەزەیتان نیە !!**

**((ئەفسەر كەناوی هێتلەر دەبیستێ تورەدەبێت و شەقێك لە قاچی ڕێباز هەڵدەدات ، ڕێبازیش كەباوكی بەكۆڵەوەیە دەكەوێت ، ئەفسەر گوێچكەی ڕێباز دەگرێ )) .**

**ئەفسەر : لاتخاف ماراح اكتلك .. كان المسیح عصی الاوامر وصلبوه.. انی هم راح اصلبك مثل المسیح ، حتی انتوا الاكراد لاتعتزون بقومیتكم اكثر من اللازم .**
**(( ئەفسەر هەڵدەستێتە سەرپێ و گوێچكەی ڕێبازی هەر بەدەستەوەیەو ڕوو دەكاتە سەربازەكان )) .**
**ئەفسەر : یالله لیش تنظرون .. دخلوهم القلعات بالشلالیق .**

((پـیـش هـاتـنـی شـاسـوار خـەڵـکـی تـر لـە محـاجـەرەکـانـدا ڕاوەسـتـاونـوتـەمـاشـای نـاوحـەوشـەکـە دەکــەن کـە چـۆن سەربازەکان بە قۆناغە تفەنگ کەتوونەتە گیانی ئەو خەڵکە بێتاوانە ))

—— بڕین ——

**دیمەنی** ( 135 )/**شوێن: ناو نوگرەسەلمان**
**کات**/ 12 **ی نیوەڕۆیە /دەرەوە**

(( ڕێباز بە عەموودی ناوەڕاستی حەوشەکەوە بەستراوەتەوە، بە جۆرێك هەردوو قۆڵی بە درێـژی بە تەختەیەك بەستراوەو وەکو شێوەی (خاچ ) هەموو گیانی عارەقی کردووەتەوە، شاسوار لە نهۆمی دوو لەلای محاجەرەکەوە دانیشتووە سەیری ڕێبازی کوڕی دەکات و دەگری )) .

—— بڕین ——

## دیمەنی ( 136 )/شوێن :قەد پاڵێك ئەوبەری چەمەكە
## كات/ 4 ی عەسرە / دەرەوە

(( بەردەوام جیهازەكە لە كاردایە و دەنگی كەسێك دەبیسترێ كە ژمارەی نهێنی دەڵێت ، غەریب بەراكردن دێتەلای جیهازەكەو سەماعەكە هەڵدەگرێ و وەڵام دەداتەوە )) .

—— بڕین ——

## دیمەنی ( 137 )/ شوێن :ناو هۆڵی نوگرەسەلمان
## كات/ 12 ی ڕۆژی داهاتوو/ژوورەوە

(( ئەكرەم گونیە سەموونی بەدەستەوەیە و بەسەر خەڵكەكەدا دابەشی دەكات ، دەگاتە لای پیاوێكی پیر كە نەخۆشە وهۆشی لای خۆی نیە، دەست دەداتە لاملی و سەرێك دەلەقێنێ وسەموونەكەی بۆ دادەنێت، بەو چەشنە بەردەوام سەموونەكە دابەش دەكات ، تا دەگاتەلای شاسوار كە زۆر نیگەرانی ڕێبازە ، ئەكرەم سەموونەكەی بۆ ڕادەگرێ بەڵام شاسوار لێی وەرناگرێ )) .

**ئەکرەم :** نانەکەت بخۆ با نەمری .. تۆ لە دوێنێوە نانت نەخواردووە !!

**شاسوار :** ئەم هەموو زوڵمە بۆ ؟؟ ... تۆ بزانە لە دوێنێوە تا ئێستا چەند کەس مردوون دەترسم کوڕەکەشم بەو عەموودەوە بمرێ !!!!

**ئەکرەم :** ئەو هێشتا شوکور بۆ خوا زیندووە .. خوا گەورەیە!!

—— بڕین ——

**دیمەنی** ( 138 )/ **شوێن :دەرەوەی نوگرەسەلمان**
**کات** / **سەرلەبەیانی ڕۆژی داهاتووە** / **دەرەوە**

(( چەند جەنازەیەك لەسەر عارەبانەی خۆڵ ڕشتن کەڵەکە کراون ولە دەرگاوە دەیبەنە دەرەوە وچەند کەسێکیشی لەگەڵدایە )) .

—— بڕین ——

**دیمەنی ( 139 )/شوێن :ناو حەوشەی نوگرەسەلمان**
**کات / 8 ی سەرلە بەیانیە / دەرەوە**

(( ئەفسەر لەبەردەم ڕێبازدا وەستاوەو تەماشای ڕوخساری ڕێباز دەکات و بەدەستێك لاملی دەگرێت و بە دەستەکەی تریشی بە حەربەکەی لاقەدی حەبلەکانی دەست وقاچی ڕێباز دەبڕێ و ڕێبازیش بیهۆشە و دەستبەجێ دەکەوێتە سەر زەوی ، شاسوار لە محاجەرەکانەوە تەماشای کورەکەی دەکات کە کەوتووەتە سەر زەوی ، دەگری و فرمێسك بەچاوانیا دێتە خوارەوە )) .

—— بڕین ——

**دیمەنی ( 140 )/ شوێن :بەردەم ئەشکەوت**
**کات/9 ی بەیانیە / دەرەوە**

((هێرش دانیشتووە وخەریکە بە دارو چیلکە بووکەشووشە بۆ منالەکە دروست دەکات )) .

—— بڕین ——

## دیمەنی ( 141 )/شوێن: هۆڵی نوگرەسەلمان
## کات/ 10 ی سەرلەبەیانیە / دەرەوە

((ڕێباز لەلای باوکیەوە پاڵکەوتووە ، ئەکرەمیش لەبەر محاجەرەکەدایەو لەگەڵ گوڵەی کچیدا قسە دەکات )) .

**گوڵە :** بابەگیان .. ئێستا ڕێباز چۆنە !!؟؟
**ئەکرەم :** تەندروستی باشە ، بەلام هێشتا نەهاتووەتەوە هۆش خۆی!!
**گوڵە :** بابە ، ئەی ئەو خەڵکەی ناو حەوشەکەوە کە دەیانبەنە ناو ئەو پاصە ، بۆ کوێیان دەبەن !!؟؟
**ئەکرەم :** کە چوومە خوارەوە بۆ سەموون ، بزانم هەواڵێکم دەست ناکەوێ چونکە خەڵکی گوندەکەی خۆمانی تێدایە !!

(( لەناو حەوشەکەدا زیاتر لە ( 100 ) کەس لە منالو ژنو پیرو پەککەوتە سواری پاصەکان دەکرێن )) .

—— بڕین ——

**دیمەنی ( 142 )/ شوێن : ژووری ئەفسەر لە نوگرەسەلمان**
**کات / 2 ی پاشنیوەڕۆ/ ژوورەوە**

(( ئەفسەر لەپشتی مێزەکەیەوە دانیشتووە و سەماعەی تەلەفونەکەی بەگوێوەیە و قسە لەگەڵ عەلی حەسەن مەجید دەکات ))

ئەفسەر : نعم سیدی .. الیوم مشینه مجموعه منهم ... نعم سیدی احنه بانتظار اوامر جنابکم.... نعم سیدی مثل ما تامرون ... نحاول نغرقهم کلهم بالباخره .

—— بڕین ——

**دیمەنی ( 143 )/شوێن :بەردەم ئەشکەوتەکە**
**کات /2,1 ی پاشنیوەڕۆ/دەرەوە**

(( ڕەشمەی هێسترەکە بە دەستی غەریب هەڵدەنیەوەیە، سدیقی پێشمەرگە مناڵەکە هەڵدەگرێ و دەیخاتە سەر پشتی هێسترەکە، هەموو گیانی هێسترەکە بە گەلا داپۆشراوە ، سدیق باوەش دەکات بە غەریب داو ڕەشمەی هێسترەکەی لێوەردەگرێ و خواحافیزی لە هەموو پێشمەرگەکان دەکاتو بەڕێدەکەوێت ، چەند مەترێك دوور دەکەوێتەوە ، هێرش

بووکەکەی تەواو کردووە وهاوار لە سدیق دەکات، هێرش دەگاتە لای سدیق و بووکەشووشەکەی دەداتە دەستی منداڵەکە، منداڵەکەش بەدەم هێرشەوە پێدەکەنێت ، بووکەکەی لێوەردەگرێت ولە ئامێزی خۆی دەگرێ بەسۆزەوە سەیرێکی هێرش دەکات و دواتر سدیق بەرێدەکەوێت ، منداڵەکە زوو زوو ئاوڕ لە هێرش دەداتەوە هێرشیش بە دەستی بای بای بۆ دەکات)).

—— بڕین ——

**دیمەنی ( 144 )/شوێن :هۆڵی نوگرەسەلمان**

**کات / 5,30 ی عەسر / دەرەوە**

(( شاسوارو ڕێباز پاڵیان داوەتەوە بە دیوارەکەوە ، شاسوار بەردەوام قسە بۆ ڕێباز دەکات ، ڕێبازیش بەقسەکانی باوکی سەرسام دەبێت و نیگەرانی لە ڕوخساریدا دەبینرێ ، گوڵەش لە پشتی دیوارەکەوە گوێبیستی قسەکان دەبێت و دەگری ، ڕێباز لەگەڵ قسەکانی باوکیدا فرمێسك بە چاوەکانیدا دێتە خوارەوە و بەو پەڕی سۆزەوە دەستی باوکی دەگوشێ )) .

—— بڕین ——

**دیمەنی ( 145 )/شوێن :شەقامێك**
**کات/ 7 ی شەوە ومانگەشەوە/دەرەوە**

(( زیاتر لە ( 200 ) لۆری و ئیڤا بە دوای یەکدا دەڕۆن هەموویان لایتیان داگیرساندووە وشەقامەکەیان تەواو ڕووناك کردوەتەوە )) .

— برین —

**دیمەنی ( 146 )/شوێن :ناو هۆڵی نوگرەسەلمان**
**کات / 10 ی شەوە و مانگە شەوە/ دەرەوە**

(( ڕێبازو گوڵە دەستیان بە محاجەرەکەوەیە ، تەنها دیوارەکەیان لە نێواندیە، گوڵ دەڵێت )) .

**گوڵە :** سەرلە ئێوارە گوێم لە قسەکانی باوکت بوو ، باوەربکە مردنی دایکم وکەسە ئازیزەکانی خۆم لەبیرچووەوە ، تۆ بڵێی ڕۆژێك بێت ئەو ئاوات وخواستانەی باوکت بێنەدی و لەگەڵ باوکتا پێکەوە پێیان شاد بین !!؟؟

**ڕێباز :** تەماشای دەرەوە بکە .
**گوڵە :**دەبینم چۆن سەگەڕەشەکان بەربوونەتە لاشەی مردووەکانمان!!!

(( سەگە ڕەشەکان لەدەرەوەی نوگرەسەلمان خەریکی خواردنی تەرمی مردووەکانن ، لەم کاتەدا چەند بلاجکتۆرێکی گەورە دادەگیرسێت تەواوی ناو نوگرەسەلمان ڕووناك دەکاتەوە، هەموو خەڵکی ناو هۆڵەکان لە ژن وپیاو بەئاگادێنەوە و لەمحاجەرەکەوە تەماشای ناو حەوشەکە دەکەن ، ڕێباز وگوڵە لەبەر تیشکی بەهێزی بلاجکتۆرەکان ناتوانن سەیری ناو حەوشەکە بکەن ، پیاوێك لە تەنیشتی ڕێبازەوەیە دەڵێت )) .

**پیاوێك :** من ساڵێکە لێرەم شتی وام نەدیوە ، دەمێکە تامەزرۆی ڕووناکین لەشەودا .

(( ئەفسەر لەناوەڕاستی حەوشەکەدا وەستاوە موکەبەرەیەکی بچووکی بە دەستەوەیە و قسە دەکات )) .

**ئەفسەر :** کل اللی بالقاعات تعالوا اوگفوا بصف واحد .

**گوڵە:** دەبێت بۆ کوێی ترمان ببەن ؟؟ یاخود چیمان لێبکەن!!؟؟

**ڕێباز :** ئێمە لەناو ئەم کەشتیەداین ، خۆمان داوەتە دەستی قەدەری خوای گەورە ئەگەر نغرۆ نەکرێین .

—— بڕین ——

**دیمەنی ( 147 )/شوێن :ناو دۆڵێك**
**كات / 11 ی شەوە / دەرەوە**

(( منداڵەکە سەری لەسەر رانی سدیق داناوە و خەوی لێکەوتووە و بووکە شووشەکەی هێرشی بەدەستەوەیە و لە ئامێزی خۆی گرتووە، سدیق سەیرێکی ئەملاو ئەولای خۆی دەکات وپاڵ دەداتەوە بە قەد بەردەکەوەو چاوەکانی لەسەریەك دادەنێت )) .

**—— بڕین ——**

**دیمەنی ( 148 )/شوێن :نوگرەسەلمان**
**كات / 11,1 ی شەوە / دەرەوە**

(( ئیڤاکان ولۆریەکان بەدوای یەکتردا لە دەرگای نوگرەسەلمان دێنەدەرەوە کە هەموو خەڵکی ناو هۆڵەکانی تێدایە ، ئوتومبیلی ئەفسەرەکەش لە پێشیانەوە دەڕوات )) .

**—— بڕین ——**

## دیمەنی ( 149 )/ شوێن :ڕێگەیەکی گڵ
## کات /12 ی شەو / دەرەوە

((ئیڤاکان ولۆریەکان بە دوای یەکتردا دەڕۆن ولایتی هەموویان ڕێگەکەیان ڕووناك کردووەتەوە بە جۆرێك خەڵکی ناوەوە دەبینرێت ، لە ناو یەکێك لە ئیڤاکاندا شاسوار و ڕێبازو ئەکرەم وگوڵە لەلای قاپی دواوە دانیشتوون ، ڕێباز لەبەر ڕۆشنایی ئیڤاکەی دواوە سەیری کاتژمێرەکەی دەستی دەکات ڕوو دەکاتە باوکی )) .

**ڕێباز :** بابە ئیڤاکان لەسەر جادەی قیر لایاندا وچوونە سەرگڵەکە !! ئاخۆ بەرەو کوێمان ببەن !!؟؟ .

**شاسوار :** ئێمە ئێستا هیچ دەسەڵاتێکمان نیە ، ئەگەر بە ئاوماندا بدەن یان بەئاگردا ئارەزووی خۆیانە ، تەنها پەنامان هەرخوای گەورەیە ، کورەکەم خۆ وەسیەتەکەی منت بیر نەچووەتەوە !؟ چونکە ئەوەی لای من گرنگە تەنها ئەو بەردەیەو بەس .

—— بڕین ——

**دیمەنی** ( 150 ) /**شوێن : ناو دۆڵێك**
**کات** /12,30 **ی شەوە /دەرەوە**

((سدیق بەردەوام خەوتووە ، منداڵەکەش هەر سەری لەسەر رانی سدیقەو خەو دەبینێ ، تەواو دەم وچاوی تێکچووە و سەریشی بادەدات ، بەئاگا دێتەوە و دەقیژێنێت ، سدیق بەئاگادێتەوەو بە پەلە دەمی دەگرێت )) .

—— بڕین ——

**دیمەنی** ( 151 ) /**شوێن :ناو چاڵێکی گەورە**
**کات** /1 **ی شەو / دەرەوە**

((سەرباز بەدوو ریز راوەستاون ، خەڵکەکەش لەنێوان هەردوو ریزەکەدا بە گریانەوە بەرەو چاڵەکە رێدەکەن ، رێباز باوکی بەکۆڵەوەیە ودەڕوات ، لەناوەڕاستی خەڵکەکەدا دەوەستێت و تەواوی گیانی دەلەرزێت )) .

**شاسوار** : کورم رێبازگیان .. بۆ وا تێکچوویت و دەلەرزیت!!؟؟
**رێباز** : بابەگیان ئەم ناپیاوانە ئێمەیان بێمەرام نەهێناوە بۆناو ئەم چاڵەو خۆشیان لەچواردەورمان راوەستاون !! .
**شاسوار** : کورەکەم .. ئەوەی خوای گەورە لەچارەمانی

نووسیبێت دەبێ هەر ببێت ، ئەگەر باوکی خۆت خۆش دەوێت دەبێ خۆراگربیت ... دەی خۆت قیت بکەرەوە ، ئەوان ئێمە دەکوژن بەڵام دڵنیابە خۆیان دەمرن !! .

(( ڕێباز ددانەکانی جیڕ دەکاتەوەو چاوەکانی دەنووقێنێ ، پشتەکۆمەکەی ڕاست دەکاتەوە ، گوڵەش لەلایەوە دەستی ڕێباز دەگرێ ، ڕێبازیش چاوەکانی دەکاتەوەو لادەکاتەوە گوڵە دەبینێ و بزەیەکی بۆ دەکات ، سەربازەکان لەچواردەوری چاڵەکەدان لوولەی تفەنگەکانیان ڕووی لە هەموو خەڵکەکەیە، ئەفسەر دەمانچەکەی لاقەدی دەردەکات و ڕووی دەکاتە خەڵکەکەو هاوار دەکات )) .

ئەفسەر : تهیا ... ارمی ... !!!

(( هەمووسەربازەکان فیشەك دەخەنە بەرکارو ئەفسەریش فیشەکی خۆی دەتەقێنێ بەڵام بەر پشتی شاسوار دەکەوێت، دواتر هەمووسەربازەکان دەست دەکەن بە دەستڕێژی گوللە بەسەر خەڵکەکەدا ، ئەوانیش بەردەوام لێیان دەکوژرێت و هاوار دەکەن ، هەندێك دەیانەوێت لەچاڵەکە بێنە دەرەوە لەئاستی سەربازەکان دینە قەراغی چاڵەکە بەڵام سەربازەکان دەیانکوژن و بە تەپاوتل دەکەونەوە ناو چاڵەکە ، ڕێباز باوکی بەپشتیەوەیەتی و دەیەوێ هەڵسێت لەپڕ گوللەیەك

بەر قاچی دەکەوێت و ئیتر ناتوانێت هەڵسێت ، گوڵەش دوو گوللەی بەردەکەوێت و چاویشی لە باوکیەتی کە لەپشتەوە چەند گوللەیەکی بەر دەکەوێت و دەکەوێتە سەر زەوی ، گوڵە بەسنگەخشکێ و بەسەر جەنازەکانا دەڕوات لەپڕ کەسێك دەکوژرێت ودەکەوێت بەسەر قاچی گوڵەدا و ناتوانێت لایبەرێت ، کەسێکی تریش دەکوژرێت دەکەوێتە سەر پشتیو نقەی لێدەبڕێت ، سەربازەکانیش بەردەوام مەخزەنەکانیان دەگۆڕن مەخزەنی پڕ لەفیشەك دەخەنە سەر تفەنگەکانیانو دەست دەکەنەوە بە تەقەکردن بەناو خەڵکەکەدا تاکو دواکەس بەپێوە نامێنێ و دەیانکوژن ، ئەفسەر چاوی لە چاڵەکەیە کە کەس بە پێوە نەماوە بە موکەبەرەکەی دەستی هاوار دەکات)).

ئەفسەر : اقطع الرمی ... !!

(( ئیتر سەربازەکان تەقەناکەن ، ئەفسەر چاوی بە منالێك و پیاوێك دەکەوێت ، دەچێتە ناو چاڵەکەوەو بەسەر جەنازەکاندا دەڕوات تاکە دەگاتە لای هەردووکیان بە دەمانچەکەی دەستی سەرگوللە دەنێت بەسەریانەوە ، ئاوڕ لە هەمووسەربازەکان دەداتەوە )) .

انتهی لعبتنا .. غلبناهم ... یالله نروح .

نائب زابت : سیدی نسینه شی !!

ئەفسەر : شکو ؟؟

نائب زابت : سیدی نسینه نغطیهم بالشوفل .

ئەفسەر : ماکو داعی ... الریاح راح تقوم بدالك ، هذة المنطقة صحراویة وکله رمال یالله یاولد تحرکو .. .

((ئەفسەر بەدەم قسە کردنەوە دێتە لای ئوتومبیلەکەیەوە ، دوای ئەو هەموو ئیڤاکان ولۆریەکان دەکەونە ڕێ و دەڕۆن)) .

—— بڕین ——

دیمەنی ( 152 ) /شوێن :ناو چاڵەکە

کات / 1,15 ی شەو / دەرەوە

((ناو چاڵەکە دەڵێی ڕۆژی حەشرە تەرمی هەموو خەڵکەکە بەسەریەکدا کەوتوون، ڕێباز ماوەو بەزەحمەت دەتوانێت لەژێر باوکیدا بێتە دەرەوەو ناچار دەستی لەیەکێك لەتەرمەکان گیر دەکات و بەهەوڵێکی زۆرو نقە نقی زۆر لەنێوان تەرمەکان ڕزگاری دەبێت، بەلام هەموو گیانی هەر خوێنە دەست دەداتە قاچی خۆی سەیری دەکات شوێنی برینەکەی خوێنی زۆر لێدێت، چاوێك بەسەر هەموو مردووەکاندا دەگێڕێ

سەرسام دەبێت ، دەست دەداتە سەرپۆشێك برینەکەی قاچی پێدەبەستێت ، کەسەرنجی دەدات بۆی دەردەکەوێت سەرپۆشەکەی گوڵەیە ، لادەکاتەوە باوکی دەبینێ و باوەشی پێدا دەکات و بەگریانەوە دەڵێت )) .

ڕێباز : بابەگیان چیمان بەسەر هات !!؟؟ ...بۆ وەڵام نادەیتەوە ... بۆچی بەتەنها لەم دنیایە بەجێتهێشتم !!؟؟ ... بۆ .. بۆ؟؟؟؟

((ڕێباز هێشتا هەر بەسەر تەرمی باوکیدا دەگری ، لەم کاتەدا گوێبیستی دەنگیناڵەی پڕ لەئازار دەبێت کەسەرنج دەدات ، دەبینێ سەری گوڵە وردە وردە دەجوڵێتەوە ، خێرا لێی نزیك دەبێتەوە و دەستی گوڵە دەگرێت ، کەسەیری دەکات ئەویش ماوە، دەیەوێت دەریبێنێ بەڵام بەزەحمەت لەژێر تەرمی مردووەکاندا دێتە دەرەوەو سەیری دەم وچاوی گوڵە دەکات هەموو دەم وچاوی خوێنە جگە لەجلەکانی کەسەراپای بووەتە خوێن )) .

گوڵە .. شوکور ماوی ... سوپاس بۆ خوا !! ؟

((گوڵە بەدەم ئازارەوە سەرێکی وەڵامدانەوەی بۆ دەلەقێنێ ، ڕێباز بەزەحمەت دەتوانێت گوڵە بەسەر تەرمەکاندا ڕاکێشێ

تاکو لە چاڵەکەی دێنێتە دەرەوە ، لەم کاتەدا ڕێباز دەستی بەر پشتی گوڵە دەکەوێت هەست دەکات خوێنی گەرمی پێوەیە )).

تۆش بریندارێت !؟؟؟

**گوڵە** : نازانم .. پشتم ئازاری زۆرەو ناوسکیشم ئاگری تێبەربووە !!

((ڕێباز دەستبەجێ کراسەکەی بەری خۆی دادەکەنێت و برینەکەی گوڵەی پێدەپێچێت ، دەیەوێت لەچکەکەی قاچیشی بکاتەوە )) .

ئەو لەچکە لێ مەکەرەوە تۆش برینەکەت خوێنی لەبەر دەڕوات، ها ئەم پارچە وەرەقەیە بگرەو بڕۆ خۆت ڕزگارکە !!

(( ڕێباز بە دڵی پڕلەگریانەوە و بەناچاری وەرەقەکە وەردەگرێت)) .

**ڕێباز** : من ناڕۆم ... ئێوە بەجێناهێڵم !!

(( ڕێباز دەست دەداتە هەردوو دەستی گوڵە تاکو هەوڵ بدات هەڵیسێنێ ، بەڵام گوڵە ملی لار دەبێتەوە و گیانی لە دەست دەدات )) .

گوڵە ... گوڵە .. توخوا بەجێم مەهێڵە ... گوڵە !!!!

((ڕێباز بە گریانێکی بەکوڵەوە سەر دەنێتە سەر زەوی ، هەڵدەسێ بۆلای چاڵەکەو سەیرێکی دەکات و دەگەڕێتەوە

بۆ لای گوڵە و دادەنیشێت ، بەهەردوو دەستی ( لم ) دەکات بەسەر تەرمی گوڵەدا تاکو دایدەپۆشێت ، هەڵدەستێتە سەرپێ‌و بەشەلەشەل تۆزێك دەڕوات ، بەدەم گریانەوە لادەکاتەوە بۆ گوڵە وبەردەوام دەبێت لە ڕۆشتن )) .

—— بڕین ——

**دیمەنی ( 153 ) /شوێن :بیابانەکانی نوگرەسەلمان**
**کات /3 ی شەو/دەرەوە**

((ڕێباز بەردەوامە لە ڕۆشتن و زۆر ماندوو وشەکەت دیارە لەگەڵ ئەوەش دا قاچی برینداره‌و بەشەلەشەل دەڕوات )) .

—— بڕین ——

**دیمەنی ( 154 ) /شوێن :بەرزایی شاخێك**
**کات / 3,30 ی شەوە /دەرەوە**

(( سدیق بەردەوام دەڕوات و ڕەشمەی هێسترەکەی بە دەستەوەیە و منداڵە کچەکەش بەسەر پشتی هێسترەکەوەیەو بووکەشووشەکەی بەدەستەوەیە، هەردووکیان بەردەوام بەشاخەکەدا سەردەکەون )) .

**ـــــ بڕین ـــــ**

**دیمەنی ( 155 )/ شوێن : بیابانەکانی نوگرەسەلمان**
**کات / 4 ی شەوە /دەرەوە**

(( ڕێباز بەردەوامە لە ڕۆشتن ، زۆر ماندوو و شەکەت بووە ، تۆزێك دەڕوات تۆزێك دەوەستێت و دەیەوێت دەست بکاتەوە بەڕۆشتن بەڵام دەکەوێت )) .

**ـــــ بڕین ـــــ**

**دیمەنی ( 156 ) / شوێن : سەرشاخ**
**کات /5 ی دەمەو بەیانی / دەرەوە**

(( سدیق رەشمەی هێسترەکەی بەدەستەوەیە ومناڵەکەشی بەکۆڵەوەیەو پاش تۆزێك رۆشتن دەوەستێت و بزەیەکی خۆشی بۆ کچەکە دەکات )) .

**سدیق : تەماشاکە وا گەیشتینە لای دایك و باوکت !!**

(( مناڵەکە بە دڵێکی خۆشەوە بۆ دامێنی شاخەکە دەڕوانێت ڕۆشنایی‌و گڵۆپی شارۆچکەکە دەبینێ )) .

—— بڕین ——

**دیمەنی ( 157 ) /شوێن :نزیك چەند دەوارێکی عەرەب**
**کات / 6 ی سەر لەبەیانی / دەرەوە**

(( ڕێباز هێشتا هەر دەڕوات بەڵام ماندوویێتی و ئازار برستیان لێ بڕیوە و برینەکەی قاچیشی هەر خوێنی لێدەڕوات ، دەگاتە سەر تەپۆڵکەیەکی لم چەندماڵێکی عەرەبی دەوارنشین دەبینێ و گەلێك دڵخۆش دەبێت ، لەخۆشیدا دەیەوێت بەراکردن بگاتە لایان بەڵام دەکەوێت و بە تەپاوتل خل دەبێتەوە ، سەگێکی دڕ کەبەستراوەتەوە چاوی بە ڕێباز دەکەوێت و دەست دەکات بە وەڕین بە بەردەوامی ، پیاوێکی دشداشە لەبەر لە یەکێك

لەدەوارەکانەوە دێتە دەرەوە و ژنەکەشی بە دوایدا دێتە دەرەوە ، هەردووکیان بۆ هەرچوارلا دەڕوانن )).

ژنی عەرەب : شنو الچلب شصاربیە ... اخاف شاف دیب !! ؟

((پیاوە عەرەبەکە کەمێك لە دەوارەکەی خۆیان دوور دەکەوێتەوەو سەرنجی ئەو ناوە دەدات ڕێباز دەبینێ )) .

پیاوی عەرەب : تعالی الی هنا ....

(( ژنە عەرەب بەخێرایی دەچێتە لایەوە )) .

ژنی عەرەب : شکو .. ؟؟؟ شصار ؟؟
پیاوی عەرەب : شوفی .. شبح الرجل .؟؟
ژنی عەرەب : لیش لا ... هاللیلە بنصف اللیل سمعت صوت لوریات هوایە ... دیر بالك .
(( پیاوی عەرەب بەرەو لای ڕێباز دەڕوات ، ڕێباز ئاگای لە خۆیەتی بەڵام ناتوانێت هەڵسێتە سەرپێ ، لە خۆشێدا هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەمژێت سەرو چاویشی بووە بە لم)) .

—— بڕین ——

**دیمەنی ( 158 ) /شوێن :چا یخانەیەك**
**کات / سالّی ( 2003 )یە / ژوورەوە**

**((خەڵکێکی زۆر لەچایخانەکەدان، زۆربەیان دانیشتوون و هەندێکیش به پێوەن ، یەکێك لە دانیشتووەکان ڕێبازە کە تەمەنی ( 33 ) ساڵە ، ڕیشی هاتووەو مووی سەرو ڕیشی ماش و برنجیە ، هەموو سەیری تەلەفزیۆن دەکەن کەشەڕەکانی نێوان عێراق و ئەمریکا پیشان دەدات لە کەناڵی جزیرە خەڵکەکە بەردەوام دیمەنی سەرکەوتووی شەڕی ئەمریکا دەبینن لەخۆشیدا چەپڵە لێدەدەن ، بەدوایدا چەند دیمەنێکی تر پیشان دەدرێت ، دوادیمەن کە پیشان دەدرێت پەیکەری دیکتاتۆری عێراق (صدام حسێن) ە لەگۆڕەپانی فیردەوس لە بەغداد ، کەچۆن هێزەکانی ئەمریکا ئەو پەیکەرە زەبەلاحەی صدام دەروخێنن و دواتر کەللە سەرەکەی بەدەست خەڵکەوە بەناو شەقامەکانی بەغداد دا ڕادەکێشرا، ڕێبازکە ئەو دیمەنانە دەبینێ زۆر خۆشحاڵ دەبێت و دەکەوێتە چەپڵەلێدان ، پاشان دەست دەگرێ بە هەردوو چاوی خۆیەوە)) .**

**ـــــ بڕین ـــــ**

**دیمەنی** ( 159 ) /**شوێن :مۆزەخانە** / **کات** / **ساڵی** 2003 / **ژوورەوە**

(( ڕێباز لە بەردەم بەردەکە ڕاوەستا وەکو بەخەتی بزماریی لێی نووسراوە ، لە ژێر بەردەکەش دا و لەسەر پارچە لەوحێکی بچووك نووسراوە ( کەشتیی ئەنفال ) ، ڕێباز لەبەر خۆیەوە دەڵێت )) .

ڕێباز :بابە گیان هەمووقسەکانت وەك ئەم نەخشی بەردە وابوو کە دەتگووت : ڕۆژێك دێت هەموو کورد شانازی بەم بەردەوە بکات ، ئەوەتا ئەوەی بەلای تۆوە گرنگ بوو وا ئەمڕۆ لە مۆزەخانەدایە .

(( ڕێباز لادەکاتەوە بەردەکە بەجێ دێڵێت ، لەناکاو چاوی بە کیژۆڵەیەك دەکەوێت کە ڕێك لە گوڵە دەچێت ، کیژۆلەکەش بووکوشووشە دارینەکەی بەدەستەوەیە ، ڕێباز کە دەیبینێ زۆر سەرسام دەبێت )) .

گوڵە گیان .. ئەوە تۆی ؟؟ .. شوکور ماوی !!؟؟

(( کیژۆڵەکەش چاوەکانی پڕبووە لە فرمێسك، چونکە ئەویش ڕێباز دەناسێت ))

کیژۆڵە : تۆ کاک ڕێباز نیت !!؟؟؟

ڕێباز : ئەی تۆ گوڵە نیت ... !!!؟؟؟

کیژۆڵە : من خاڵۆزای گوڵەم ... من ئەو کچەم کە لەگەڵ باوکتا بووم بەجێ مابووم .. ناوم کوردستانە .!!!

(( ڕێبازبە بیستنی ئەوقسانە دڵی پڕدەبێت لە گریان وچاوەکانیشی پڕدەبن لەفرمێسک )) .

—— بڕین ——

﴾ فلاشباك تەواو دەبێت ﴿

## دیمەنی ( 160 ) /شوێن :ژووری دادوەر
## کات / فلاشباك تەواو/ ژوورەوە

((ڕێباز فرمێسك بەسەر ڕوومەتەکانیدا دێتە خوارەوەو بەردەوام دەبێت لە قسەکردن )) .

**ڕێباز :** ئەوە ئەو کەشتیە بوو کەئێمەی تێدا بووین و صەدام و دارودەستەکەی بەو دەردەی بردین جەنابی حاکم .. ئەم پارچە وەرەقەیەشم لە گوڵە وەرگرتووە فەرموو بەڕێز جەنابی حاکم ...

(( ڕێباز پارچە وەرەقەیەك دەداتە دەست دادوەر ، دادوەریش دەیخوێنێتەوە/ کادر لەسەر پارچە وەرەقەکە ستیل دەبێت کە تیایدا نووسراوە :

﴿ لەلایەن سەرۆکی فەرماندە ( صدام حسێن ) خوا بیپارێزێ لێبووردنی گشتی ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کە لە ئێرانەوە دەگەڕێنەوە ڕیزی نیشتیمانیی ﴾ .....

—— بڕین ——

# کۆتایی